تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6160) چوارشەممە 30ی حوزەیران 2021 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی چەند لایەنێکی سیاسی دەکات

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزی و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بەردەوام دەبێت



دوێنێ سێشەممە 29/6/2021، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرنامەی دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، سەردانی هەریەک لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، حزبی شیوعیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد.

لە کۆبوونەوەکاندا کە بەڕێز مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆک ئامادەی بوو، دۆخی ناوخۆ و تەحەدییەکانی ئێستا و داهاتووی بەردەم هەرێمی کوردستان، پێشهاتەکانی عێراق بەگشتی، یەکڕیزی و نووسینی دەستوور، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عیراق، تاوتوێ کران.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



دوێنێ سێشەممە 29 ی حوزەیرانی 2021 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پاولا گانلی باڵیۆزی ئوستڕالیا لە عێراق کرد. عێراق بەگشتی و بەرەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئوستڕالیا تاوتوێ کرا

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئوستڕالیا لە عێراق دەکات

هەنگاوەکەی پارتی لە ئەمەریکا پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ ئەمەریکا بە پێشکەوتوو وەسف دەکات و جەختیش لەسەر کاری بەردەوام دەکاتەوە بە مەبەستی بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندیانە. دەشڵێت، لە ئێستادا خەڵکی ئەمەریکا دەزانن کوردستان چییە و پێشمەرگەیان خۆش دەوێت، هەروەها کاربەدەستان و کۆنگرێسمانەکانی ئەمەریکا شانازی بە پێشمەرگەی کوردستان دەکەن کە شانبەشانی ئەمەریکییەکان شەڕی تیرۆر دەکەن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێک سەبارەت بەدۆخی دارایی و لێبڕینی مووچە و یاسای چاکسازی ئامادە دەکات

ئومێد سەباح: سەرۆکی حکوومەت یەک ساڵە خۆی سەرپەرشتی پڕۆسەی هەناردەی نەوت دەکات



پێشنیوەڕۆی دووشەممە 2021/6/28، بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی د.هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 16ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەچوو.

سەرەتا بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارو ئاماژە بەمادەی 5 لەیاسای ژمارە 2ی ساڵی 2008 و بڕگەی 6 لەمادەی 18ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دریژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، خالید هادی چاوشلی بۆ 9 مانگی تر خرایە دەنگدانەوەو بەدەنگی 70 پەرلەمانتار پەسندکرا.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

کۆشکی سپی: ئامانج لە هێرش کردنە سەر حەشدی شەعبی سنووردار کردنی گرژییەکان بووە



گوتەبێژی کۆشکی سپی، جێن ساکی لە میانەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەیدا لە کۆشکی سپی باسی لە هیرشەکەی دوێنێ شەوی ئەمەریکا بۆسەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە سەر سنووری نێوان عێراق-سووریا کرد.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

نزیکەی 400 میگاوات کارەبا بۆ توڕی نیشتمانی گەڕێندرایەوە



خەبات: هاوار مورتکەیی

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند کە بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتەکانی کارەبا و سامانە سروشتییەکان، پاش نیوەڕۆی دوێنێ توانرا کێشەی پەستانی گازی سروشتی لە وێستگەی خورمەڵە چارەسەر بکرێت، بارودۆخی بەرهەمهێنانەکەی وێستگەی ناوبراو ئاسایی بووەوە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە ئەم هەوڵەی تیمەکانی هەردوو وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتییەکان، کاریگەری بەسەر ئاساییبوونەوەی دۆخی کارەبا دەبێت.

تۆڕێنەوەکە پێشتر لە یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا و ئێران و قەوقاز کراوە

پشکنینی DNA بۆ ئێسک و پروسکی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستان و عێراق دەکرێت



چوار زانکۆی بیانی بۆ ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی لەسەر ئێسک و پروسکی مرۆڤی کۆن لە هەرێمی کوردستان داواکارییەك پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار دەکەن. چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زانکۆکان و دەسەڵاتی شوێنەواری لە کوردستان گرێبەستێك بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە واژۆ بکرێت. بەهۆی ئەنجامنەدانی پشکنینی وردی زانستی و بە دیاریکراوی دی ئێن ئەی تاوەکو ئێستا زانیاری تەواو لەسەر ژیانی مرۆڤی چاخی بەردین لە کوردستان و عێراق بەدەست نییە.

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی فیلیپین لە عێراق دەکات

باڵیۆزی فیلیپین: دەمانەوێت سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

دوێنێ سێشەممە 29 ی حوزەیرانی 2021، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جینۆرۆسۆ کالۆنگێ باڵیۆزی فیلیپین لە عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییە کانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ فیلیپین و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و تیرۆر بەگشتی کرا.
باڵیۆزی فیلیپین وێڕای ستایشکردنی قارەمانێتی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش، ئاماژەی بە خواستی وڵاتەکەی کرد بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری توندڕەوی و تیرۆر.
سەرۆکی حکوومەت جەختی لە گرنگیی نەهێشتنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆرکرد بۆ ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی تیرۆر و تونڕەوی.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق دەکات

جەخت لە گرنگیی گەشەپێدانی وەبەرهێنانی ئوسترالی لە هەرێمی کوردستان کرایەوە

دوێنێ سێشەممە 29 ی حوزەیرانی 2021 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پاوڵا گانلی باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق کرد.
لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی عێراق بەگشتی و بەرەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئوسترالیا تاوتوێ کرا و جەخت لە گرنگیی گەشەپێدانی وەبەرهێنانی ئوسترالی لە هەرێم و یارمەتیدانی بەرنامەی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات کرا.
بارودۆخی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و زەمینەی خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەیان بۆ ناوچەکانیان تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکە بوو.

پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێک سەبارەت بەدۆخی دارایی و لێبڕینی مووچە و یاسای چاکسازی ئامادە دەکات


ئومێد سەباح: سەرۆکی حکوومەت یەک ساڵە خۆی سەرپەرشتی پڕۆسەی هەناردەی نەوت دەکات

ئاوات شێخ جەناب: هەر پەرلەمانتارێک بێتە وەزارەت هەموو بەڵگەکانی دەخەمە بەردەست



کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە 2021/6/28، بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی د.هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 16ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوە چوو.
سەرەتا بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارو ئامادەی بەمادەی 5 لەیاسای ژمارە 2ی ساڵی 2008 و بڕگەی 6 لەمادەی 18ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دریژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، خالید هادی چاوشلی بۆ 9 مانگی تر خرایە دەنگدانەوەو بەدەنگی 70 پەرلەمانتار پەسندکرا.
بەپێی خاڵی دووەمی بەرنامەی کاریش، لەلایەن لیژنەی کاروباری یاساییەوە بەجیا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاساکانی (نیشان و میدالیا لەهەرێمی کوردستان، کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستان، بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆو شەتڵ و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لەتەرزە کشتوکاڵییەکان لەهەرێمی کوردستان) و پێشنیازەیاساکانی (هەمواری یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە 76ی ساڵی 1983 و هەمواری کانی لەهەرێمی کوردستان، هەمواری یاسای بزربووەکان لەهەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە 3ی ساڵی 1999، هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە 3ی ساڵی 2011، گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان) کران و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانیشەوە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کران بۆ وەرگرتنی ڕێککارە یاساییەکانی خۆیان.
بەپێی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارو بەپێی مادەی 7، بڕگەی چوارەم لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە پێشنیازی دریژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆماوەی 30 ڕۆژ خرایە دەنگدانەوەو بەدەنگی 65 ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.
بەپێی خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاریش کەبریتی بوو لەخستنەڕوو و گفتوگۆکردنی چۆنیەتیی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچەو هۆکارەکانی جێبەجێنەبوونی یاسای چاکسازی و یاسای بودجەی عێراق و داهاتی گومرگی و خاڵە سنووریەکان و کەموکوڕییەکان لەو خاڵە سنووریانەو داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ، کەبەئامادەبوونی هەریەک لە ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری، کەمال ئەتروشی وەزیری سامانە سروشتییەکان، خالید شوانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغداو د.ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و د.ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و د.ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و عەبدولڕەحیم خەسرەو بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەڕێوەچوو، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چەندین سەرنج و تێبینی و پرسیار سەبارەت بەدۆخی دارایی و پرسی لێبڕینی مووچەو چۆنیەتیی پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچەو پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران و هۆکارەکانی جێبەجێنەبوونی یاسای چاکسازی و یاسای بودجەی عێراق و ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا سەبارەت بەو بودجەیەو داهاتی نەوت و گرێبەستە نەوتییەکان و قەرزەکانی سەر حکوومەتی هەرێم و داهاتی ناوخۆ خستەڕوو و وەڵامی ئەو پرسیارانەشیان دایەوە کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەیان کرابوو.
لەمیانەی قسەکانیاندا شاندی حکوومەت زانیاریی وردیان لەبارەی کۆی داهات و خەرجییەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکراکردو ڕایانگەیاند: 42%ی داهاتی نەوتیان بۆ ڕەوانە دەکرێت، ئەمەش کابینەی نۆیەم لێی بەرپرس نییە. هەروەها وردەکاریی داهات و خەرجییەکانی پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵیان ئاشکراکردو ڕایانگەیاند: مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵ داهاتی سامانە سروشتییەکان 322 ملیار دینار بووە، داهاتی ناوخۆش 232 ملیار بووە.
سەبارەت بەڕێژەی داهاتی نانەوتی و چۆنیەتیی دابەشکردنیشی ڕایانگەیاند: لە 1ی 1ی 2021 تا 30ی 4ی 2021 داهاتی نانەوتیی هەرێم یەک ترلیۆن و 136 ملیارو 254 ملیۆن دینار بووە، کە ناکاتە مانگێ 200 ملیۆن دۆلار، 300 ملیۆن دۆلاریش داهاتی نەوت بووە، بەهەردووکیان مووچەی تەواوی دابین نەکردووە.
هەروەها ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، داهاتی ناوخۆ زیاتر هی گومرگەکانە، کە 65%ی داهاتی نانەوتی داهاتی گومرگەکان بووە، ئاماژەی بەوەش کرد، لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 372 ملیار دینار لە بواری بەگەڕخستن خەرج کراوە. 88%ی داهات بۆ مووچە دەڕوات و 12% بۆ بەگەڕخستن و خزمەتکردنە.
گوتیشی: لە فرۆشتن و هەناردەی نەوتی هەرێم چاکسازی زۆر کراوە و سەرۆکی حکوومەت یەک ساڵە خۆی سەرپەرشتی پڕۆسەی هەناردەی نەوت دەکات و کۆمپانیاکەی پێشوو نەماوە، تیمێکی خۆماڵی حکومی سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوت دەکەن.
ئومێد سەباح لەبارەی گەڕانەوەی داهاتی نەوت بۆ خەزێنەی حکوومەتیش گوتی: جاران پارەکە دەچووە بانکێکی ئەهلی و ئێستا دەچێتە بانکێکی گەورە و حسابەکە حکوومییە و بە ناوی حکوومەتی هەرێمەوەیە. ئاشکراشی کرد «پێنج گرێبەستی کرینی نەوت هەبووە، سەرۆکی حکوومەت خۆی سەرپەرشتی چاکسازی کردووە و گرێبەست لەگەڵ دووانیان سەرچاوەکانی داهات کرا.
بارودۆخی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و زەمینەی خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەیان بۆ ناوچەکانیان تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکە بوو.
چاکسازی تێدا کراوە. 11%ی داهاتی نەوت بۆ گواستنەوەی نەوتە لە هەرێمی کوردستان دەڕوات و ئێستا گفتوگۆ بۆ هەمواری گرێبەستەکە دەکرێت، 6%ی داهاتەکە بۆ کرێی گواستنەوەیە لە ناو خاکی تورکیا، چوار مانگ شایستەی دارایی کۆمپانیاکان نەدرابوو، 5%ی داهات بۆ قەرزەکان دەڕوات».
لای خۆیەوە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: لە ماوەی دوو ساڵدا وەک وەزیری دارایی 30 جار چوومەتە بەغدا ڕاستییەکم بۆ دەرکەوتووە، کە کورد لە دوو لایەنەوە مەترسی لەسەرە یەکێک لە بەغداوە، ئەوەی تریش لەناو خۆمانە کە گەندەڵییە، جگە لە چاکسازییش هیچ چارەیەکی دیکە نییە. گوتیشی: ئەو زانیارییانەی دەیڵێم بەرپرسم لە هەموو، هەر پەرلەمانتارێک بێتە وەزارەت هەموو بەڵگەکانی دەخەمە بەردەست. ژمارەی فەرمانبەر گەیشتووەتە ئاستێکی خەیاڵی، حکوومەتی هەرێم کە ساڵی 1992 پێکهاتووە، ئەوکات 140 هەزار مووچەخۆری هەبووە، ساڵی 1994 پارەی پێویست بۆ هەرسێ پارێزگای هەرێم 84 ملیۆن دیناری سویسری بووە، لە ساڵی 2014 ئەو بڕە بووە بە زیاتر لە 7 تریلیۆن، تا ساڵی 2019 گەیشتووەتە 10 تریلیۆن. ژمارەی مووچەخۆر لە 140 هەزارەوە بووەتە زیاتر ملیۆنێک و 251 هەزار.
دوابەدوای ئەو گفتوگۆیە دوورودرێژەی کە لەنێوان پەرلەمان و شاندی حکوومەت کرا کەنزیکەی 18 سەعاتی خایاند، سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی خستە دەنگدانەوە کەهەر ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەرسێ لیژنەی دارایی و یاسایی و وزەو سامانە سروشتییەکان ڕابسپێردرێن بۆ ئامادەکردنی پوختەی داواکارییەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو پرسانەی کەلەدانیشتنەکەدا گفتوگۆیان لەسەرکرا بەمەبەستی ئاراستەکردنی وەک نەخشەڕێگەیەک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەدەنگی 69 پەرلەمانتار پەسندکرا.







سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی چەند لایەنێکی سیاسی دەکات

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزی و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بەردەوام دەبێت

هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و پاراستنی ئازادییەکان دەمێنێتەوە

دوێنێ سێشەممە 29/6/2021، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرنامەی دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، سەردانی هەرێک لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، حزبی شیوعیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد.

لە کۆبوونەوەکاندا کە بەڕێز مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆک ئامادەی بوو، دۆخی ناوخۆ و تەحەدییەکانی ئێستا و داهاتووی بەردەم هەرێمی کوردستان، پێشهاتەکانی عێراق بەگشتی، یەکڕیزی و نووسینی دەستوور، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عیراق، تاوتوێ کران.

لایەنە سیاسییەکان پێزانینیان بۆ ڕۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەک چەتری کۆکەرەوەی هەموواں و هەوڵەکانیان بۆ یەکڕیزیی نێوان لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان دەربڕی و دووپاتیان کردەوە کە گەرەنتیی پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و تێپەڕاندنی سەختییەکان، تەبایی و یەکڕیزیی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستانە.

وێڕای خستنەڕووی بۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر تەواوی پرسەکان و دۆخەکە بەگشتی، لایەنە سیاسییەکان هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکیان بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتی لەپێناو تەبایی و یەکڕیزیدا دووپات کردەوە و هاوڕا بوون کە دەبێ هەموواں بە یەکڕیزی و تەبایی و چارەسەری کێشەکان بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن، ڕووبەڕووی دۆخەکە و تەحەدییەکان ببنەوە و سەقامگیریی سیاسی بپارێزرێت.

لایەن سیاسییەکان پێزانینیان بۆ ڕۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەک چەتری کۆکەرەوەی هەموواں و هەوڵەکانیان بۆ یەکڕیزیی نێوان لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان دەربڕی و دووپاتیان کردەوە کە گەرەنتیی پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و تێپەڕاندنی سەختییەکان، تەبایی و یەکڕیزیی

لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان دووپاتی کردەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکان و لایەن و پێکهاتەکاندا لە هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزی و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بەردەوام دەبێت. بەڕێزیان سوپاس و پێزانینی بۆ پشتگیریی لایەن و پێکهاتەکان لە هەوڵ و هەنگاوەکانی سەرۆکایەتی دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و پاراستنی ئازادییەکان دەمێنێتەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی ئوسترالیا کۆبووەوە



ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 29/6/2021، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو پۆڵا گانلی، باڵیۆزی ئوسترالیا لە عیراق کرد کە دوای دەستبەکاربوونی یەکەمجارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دۆخی هەرێمی کوردستان و دید و بۆچوونی سەرکردایەتیی هەرێم لەبارەی پرسەکانەوە بزانێت.

لە کۆبوونەوەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لێکرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بردەوانی پەیوەندییەکانی لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ ئوسترالیا دەربڕی و سوپاسی پشتگیری و هاریکاریی وڵاتەکەی بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆردا کرد.

لای خۆیەوە خاتوو گانلی جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی بە بایەخەوە لە دۆخی عیراق و هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی بوارەکانی هاریکاریی نێوانیانە، هەروەها باسی لە ڕۆڵی پێشمەرگەی لە تێکشاندنی داعشدا کرد و پێزانینی وڵاتەکەی بۆ حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئاوارەی مەسیحی و ئێزدی دووپات کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا شەڕی تیرۆر و هۆکار و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵمەتی کوتان بە ڤاکسینی دژی پەتاکە، هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تاوتوێ کران.

بەیان سامی: هەنگاوەکەی پارتی لە ئەمەریکا پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ ئەمەریکا بە پێشکەوتوو وەسف دەکات و جەختیش لەسەر کاری بەردەوام دەکاتەوە بە مەبەستی بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندیانە.

دەشڵێت، لە ئێستادا خەڵکی ئەمەریکا دەزانن کوردستان چییە و پێشمەرگەیان خۆش دەوێت، هەروەها کاربەدەستان و کۆنگرێسمانەکانی ئەمەریکا شانازی بە پێشمەرگەی کوردستان دەکەن کە شانبەشانی ئەمەریکییەکان شەڕی تیرۆر دەکەن.

لە میانەی وێبینارەکانی هەفتانەی لقی 6ی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان و زنجیرە وێبینارەکانی تایبەت بە دیبلۆماسیەتی کوردی، خاتوو بەیان سامی عەبدوڵڕەحمان، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا، تیشکی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئەمەریکا و دواڕۆژی ئەو پەیوەندیانە و هاوپەیمانەتیی نێوان هەردوولا.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ ئەمەریکا بە پێشکەوتوو وەسف کرد و جەختی لەسەر کاری بەردەوامیان کردەوە بە مەبەستی بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندیانە.

گوتیشی، خەڵکی ئەمەریکا ئێستا دەزانن کوردستان چییە و پێشمەرگەیان خۆش دەوێت، هەروەها کاربەدەستان و کۆنگرێسمانەکانی ئەمەریکا شانازی بە پێشمەرگەی کوردستان دەکەن کە شانبەشانی ئەمەریکییەکان شەڕی تیرۆر دەکەن.

خاتوو بەیان ڕوونیشی کردەوە، دیموکراسیەتی کوردستان و ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها بوێری و قارەمانیەتیی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش شانبەشانی هاوپەیمانەتیی نێودەوڵەتی و لەئامێزگرتنی زیاتر لە ملیۆنێک پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەموو پێکهاتە و نەتەوە و ئایینەکان لە هەرێم، وای کردووە ئەمەریکا وەک هاوبەش و هاوپەیمان مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات.

هاوکات باسی ئەوەی کرد، کەوا هەرێمی کوردستان توانیویەتی بێتە یاریکارێکی سەرەکی و گرینگ لە ناوچەکە و بە بایەخ و گرینگییەوە جیهان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەوەشی بۆ دیپلۆماسیەتی حەکیمانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان گەڕاندەوە. گوتیشی، ئێستا ئەمەریکا لە هەموو دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا داوەتی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان دەکات و دیالۆگی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکاشی وەک نموونە هێنایەوە.

ئاماژەشی بەوەدا، کە ئەمەریکا گرینگییەکی گەورە بە چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و دروستکردنی سوپایەکی نیزامی بۆ کوردستان دەدات، ووتیشی هەنگاوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گواستنەوەی هێزەکانی هەشتا بۆ سەر وەزارەتی پێشمەرگە پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە لە ئەمەریکا و هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ سەرخستنی چاکسازی نێودەولەتی لە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها گوتی، کەوا لەگەڵ بوونی ئەو هاوپەیمانیەتییە و هەماهەنگی و هاریکاریی بەردەوامی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستە ئێمە واقیعبینانە بیر بکەینەوە و هەنگاو بنێین و ستراتیژیەتی خۆمان هەبێت و بەردەوام بین لە چاکسازی و گەشەدان بە دیپلۆماسیەتمان و بە ئابووریی هەرێمی کوردستان. گوتیشی، توانیومانە لە ڕێگای ڕێککەوتنی کوردییەکان کاری باش ئەنجام بدەین، هەروەها بە بەردەوامی کار لەسەر گەشەدان بە چالاکییەکانیان دەکەین لە ئەمەریکا و کەنەدا، چونکە لەو بڕوایەدایین ڕەوەندی کوردستانی دەتوانن شانبەشانی دیپلۆماتکارانی کورد، خزمەتێکی گەورە بە پرسە ڕەواکانی کوردستان بکەن، ئەویش لە ڕێگای لۆبیکردن و سوودوەرگرتن لە لۆبیکردنی نەتەوەکانی تر کە توانیویانە کاریگەریی گەورە لەسەر بڕیار دروستکردن لە ئەمەریکا بکەن.

لیوا عەبدولخالق تەڵعەت بۆ (خەبات):

ژووری هاوبەشەکانی پێشمەرگەو سوپا جووڵەی داعشی کەمکردۆتەوە



نوێنەری هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی عێراق ڕایگەیاند پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنەهاوبەشەکان کاریگەری باشی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی جووڵەی داعش، لە ماوەی مانگێکیشدا 20 ئۆپەراسۆنی هاوبەش ئەنجامدراون.

لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، نوێنەری هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق بەخەباتی ڕاگەیاند: دوای ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا و پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ئێستا هەماهەنگییەکی باش لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا هەیە بۆ ئەوەی بەهەردوولا بتوانین ئەو ئامانجەی هەمانە بەدی بێنین، ئەویش دابینکردنی ئاسایش و نەهێشتنی جموجۆڵی چەکدارانی داعشە.

ڕاشیگەیاند: ئامانجی سەرەکی ژووری هاوبەشەکانی ئۆپەراسیۆن لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، نەهێشتنی جموجۆڵ و خاپوورکردنی بنکە و بارەگاکانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشە، بۆیە لە هەر شوێنێک ئەوان چالاکی ئەنجام بدەن دەبنە ئامانجی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، بەتایبەت بۆ ئێمە ناوچە کوردستانییەکان زۆر گرنگە.

ئاماژەی بە ئەوەش کرد: «تەنیا لە ماوەی ئەم مانگەدا زیاتر لە 20 ئۆپەراسیۆنی هاوبەش کراونەتە سەر بنکە و بارەگاکانی چەکدارانی تیرۆریستی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق، ئەو ئۆپەراسیۆنانەش بە هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و هاوپەیمانان بەڕێوەدەچن.

سەرکێشی پشتبەستن بە نەزانی



فازیل میرانی

وەک هەر هاوواڵتییەک، کە بەدواداچوونی بۆ گەشەی نەوەکان و رووداوەکان لە عێراق هەبێت دەمەوێت باسی ئەوە بکەم، کە کارەکە لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەڕوات و چی بەرهەمهێناوە و چی بەرهەم دێنێت و چییان بردووە و چییان پێشکەش کردووە؟

ئێمە ئەو نەوەیەین، کە شۆڕشی تەممووزی 1958 و لابردنی کەریم قاسم لەسەر تەختی فەیسەڵی هاشمیان لەبیرە، واتە ئەو رووداوانەمان درك پێ کردووە، کە پێشتر قاسم یاوەری نوری سەعید بوو، هەروەها سەردەمی پاشایەتی عێراقیان لەبیرە، من وەك منداڵە لادێیەکان لە لادێ دا ژیاوم، منداڵی لادێ راستە لە ژیانێکی سەختدا دەژیێت و گەشە دەکات، بەڵام لەوانەیە تێگەیشتنی لە منداڵی شاری خێراتر بێت.

من ئاگاداری ساڵی 1963 بووم، کە سەرۆك کۆمار عارفی گچکە سەرۆك وەزیرانی هاوڕێی کوشت، کە ئەو کاتە من لە ریزەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول خەباتم دەکرد و هەروەها بۆ سەرۆك، کە عارفی گەورە بوو، بینی، کە لە ساڵی 1968، لەلایەن بەعسەوە لەسەر کار لادرا و لە رۆژانی رێککەوتنامەی ئازار و پاشان نشوست و پاشان شۆڕشی گوڵان دا ژیاوم و پێش ئەوەی پەنابەر بم لە ئێران، دوای شەڕ و بەرەنگارییەکان گەڕامەوە و باوەڕم بەو وتەیەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب هەیە، کە دەڵێت "مرۆڤ پیر دەبێت و گچکە گەورە دەبێت و سەری سپی دەبێت و ئیماندار لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت هەتاوەکو خوای خۆی دەدۆزێتەوە"، ئیدریس مان زوو لەدەستدا، سەفەرەکە لەگەڵ هەقاڵان بەردەوام بوو، مەلا مستەفا بارزانیمان لەدەست دا دوای دەیان ساڵ لە خەباتی نەپساوە و دژوار و هەزاران شەهید و بریندار و تێشکاو و تیماری برینەکان وەك عێراقییەکانی تر، کە بەرەنگاربوونەوەیان هەڵبژارد بۆ راستکردنەوەی ڕەوتەکە.

هەر لە سەرەتاوە تێبینی تەڵەیەکی نەزانیم کرد، کە دەسەڵات دژی گەلەکەی تێدەکۆشێت، ئەو تۆمەتانە پاشەکەوت دەکات، کە لە سەر سزاو تۆڵە بەندە و خەڵك دابەش دەکات لەسەر بنەمای شیعە و شوێنکەوتووانی، ئەوانەی لەگەڵی بن وازیان لێ دەهێنێت، ئەوانەی لەگەڵی نەبن دەریان دەکات و دووریان دەخاتەوە و لەگەڵ هەموو ئەوانە و هەوڵ و کۆششەکانیدا درێژە ناکێشێت و برینێك لە جەستە بەجێدەهێڵێت، کە رەنگە سارێژ بێت و ئازارەکەی نەمێنێت، بەڵام شوێنەوارەکەی هەر دەمێنێت.

لە دوای نەمانی رژێمی پێشووەوە، عومەر و وەلید مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش ماوەیەکە، ئەگەر بزانیت مەترسیدارە، رەنگە پێت وابێت مەسەلەکە کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت و رەنگە رۆڵ ببینیت لە تێپەڕاندنی و ئاڵۆزیش بە پرۆسەکردن و چارەسەر لە رێگەی هۆشیاریيەوە دەبێت.

سەرۆك مسعود بارزانی، لە هەموو کەسێك زیاتر لە کوردستان و عێراق ڕووبەڕووی هەڵمەتی ئەو رژێمانە بۆتەوە، کە رقیان لە ئازادی و یەکسانی بوو، کە کورد و خەڵك و لایەنەکان دەیانویست. لێرەدا نامەوێت شەڕەکە تەنها لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان کورتکەمەوە، کە هەرچەندە حیزبی باوکە بۆ زۆربەی حیزب و کادیری لایەنەکانی دی، کە بە ئاراستەیەکی تردا کار دەکەن، بەڵام ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەیە، کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیان و بەربوومی نەوەکاندا هەیە، لە بەرامبەردا سەرۆك مسعود بارزانی و پێشتر باوکی و شەهید ئیدریس پێیان لەسەر دوو هۆشیاری دادەگرت، هۆشیاری سیاسیی حیزبی لەمەڕ ئامانجی بزوتنەوەکەمان بە شێوەیەکی واقیعیانە و هۆشیاری جەماوەری بۆ پاراستنی ئاراستەکردنی ئەوانەی پابەندن بە بەرنامەی نیشتمانیان بێ نمایشکردنی خۆیان تەنانەت درووێنەکردنی پابەندبوونەکانی رکابەرەکان.

من لەو باوەڕەدام، کە ئێستا درەنگە بۆ ئەوەی عێراق هەست و هۆشییەکی نەتەوەیی راستەقینە پەخش بکات بەبێ لایەنگیری بەبێ کۆت و بەند، یان ئاوڕدانەوە لە رابردوو، یان بە درۆو دەلەسە، هەندێك لەوانە بەدەست دێنێت، کە مێژوو زەمانەتیان دەکات، لە هەمان شوێنی ئەو کەسانەی عێراقیان سەربڕی، بەڵام ئەو کاتە زیانەکان زیاتر دەبن و نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە پەیامە ئاسمانییەکان، بەهاو بنەما ئاکارەکییەکانی بارودۆخەکە، هەموویان دژی نەزانی دەوەستنەوە، بەهۆی ئەوەی، کە خەڵك دەزانن جگە لە ئایینی یان مەزهەبی یان ئەتنی هیچ شتێکی دیکەیان لە نەزانی دەست ناکەوێت.

دواجار، ئەگەر بە نمایشێکی خێرای رابردوو، کە بینیومە دەستم بە وتارەکەم کردووە، بۆ ئەوەم بوو شایەدی شایەتحاڵێك پێشکەش بکەم، نەك هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ناڕێکی زیانە خوێنی و توانەکان، کە نابێت دووبارە بکرێتەوە.

*** سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

وەرگێڕ: لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی

*** ئەم وتارە لە ژمارە 7004ی ڕۆژی 29ی 6ی 2021ی ڕۆژنامەی (الزمان) بڵاوبۆتەوە.**



کۆشکی سپی:
ئامانج لە هێرش کردنە سەر حەشدی شەعبی سنووردار کردنی گرژییەکان بووە

گوتەبێژی کۆشکی سپی، جێن ساکی لە میانەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەیدا لە کۆشکی سپی باسی لە هیرشەکەی دوێنێ شەوی ئەمەریکا بۆسەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە سەر سنووری نێوان عێراق- سووریا کرد. ساکی، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە جۆ بایدن بەگوێرەی بەندی دووی یاسای بەرگری لە هێزەکانی دەرەوەی وڵاتی دەستووری ئەمەریکا، بڕیاری ئەنجامدانی هێرشەکەی شەوی رابردووی دەرکردووە و ئامانجی هێرشەکەش کۆگای چەک و ناوەندیی بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی میلیشیاکانی نزیک لە ئێران بووە.

ناوبراو، تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە هێرشەکە بەگوێرەی یاسای ئەمەریکا و یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدراوە و رایگەیاند: بە بڕوای سەرۆك بایدن ئەنجامدانی ئەم هێرشانە پێویست و گونجاون. ئامانجی هێرشەکانیش سنووردارکردنی گرژییەکانی ناوچەکەیە، ئێمە هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ پاراستنی هێزەکانی وڵاتەکەمان لە دەرەوەی وڵات و هاوپەیانەکانمان دەگرینەبەر.

جێن ساکی، بە "نەخێر" وەڵامی پرسیارێکی دایەوە دەربارەی ئەوەی کە ئەنجامدانی ئەم هێرشە پەیوەندی بە سەردانەکەی سەرکۆماری ئیسرائیل بۆ کۆشکی سپی هەیە؟

گوتەبێژەکەی کۆشکی سپی ئاماژەی بەوەشدا کە ئێران کۆمەڵێک چالاکی نەرێنی لە ناوچەکەدا هەیە، لەلایەك دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمەریکا دەربارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی درێژەی هەیە و لەلایەکی دیکەش هێرش دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، هەربۆیە ئەگەر وەڵامی پێویستی نەدرێتەوە ئەوا لەم چالاکییانەی ناوەستێت.

جوان یونس ڕۆژبەیانی بۆ (خەبات):
میلیشاکان بوونەتە هۆی ناسەقامگیری و ناڕەزایی خەڵک لە ناوچە کوردستانییەکان



سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند حکوومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر لەبارەی ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان هەنگاوی نەناوە.

جوان یونس رۆژبەیانی، سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بەردەوامە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچەکە: ئەو لێژنەیەی بۆ دانوستان لەسەر دۆخی ئە ناوچانە پێکهاتووە، لە کارەکانی بەردەوامە، بەڵام لێژنەکەی عێراق دانیشتنەکان دوا دەخات و مەبەستی نییە لەسەر ڕەوشی ئەو ناوچانە دانیشتن بکات.

لەبارەی پێکهاتنی ژووری هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقیش ڕایگەیاند: هەنگاوی باش نراون بۆ پێکهێنانی ژوری هاوبەشەکان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، بۆ ئەو شوێنانەی بۆشایی ئەمنیی تێدایە. جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان پێویستی بە مرۆڤی بوێر و خاوەن بڕیارە، بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراق نە بوێرن و نە خاوەن بڕیارشن و ناوچە کوردستانییەکانیش بوونەتە قوربانیی ئەم شێوە سیاسەتە، بۆیە تاکوو ئێستا هیچ ڕێککەوتنێك جێبەجێ نەکراوە.

ڕۆژبەیانی ئەوەشی خستەڕوو: میلیشاکان بوونەتە هۆی بارگرانی بەسەر عێراقەوە و دۆخی ئەمنیی عێراقیان تێك داوە لە ناوچە کوردستانییەکانیش بوونەتە هۆی ناڕەزایی خەڵك، بەڵام ئەگەر عێراق لە پشت ئەو میلیشیایانەوە نەبێت، ناتوانن بەو شێوەیە خاك داگیر بکەن و شوێنەکان بەجێ نەهێڵن. ئەمەش یەکێکە لەو سیاسەتانەی عێراق کە بەرانبەر بە ناوچە کوردستانییەکان بەکاری دەهێنێت.

کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی G20 لە ئیتاڵیا دەستی پێ کرد



کۆبوونەوەکەدا، باسی لەوە کرد کە وەک ئیتاڵیا پشتیوانی دەکەن لە فرەلایەنی کاریگەری پشت بەستوو بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و گوتی: پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بازرگانی نێودەوڵەتیی ڕووبەڕووی کێشە کردەوە.

وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا ئاماژەی بە گرنگیی بەرپەرچدانەی نێودەوڵەتی کرد بەرامبەر پەتای کۆرۆنا و گوتی "هاریکاریی نێودەوڵەتیی و فرەلایەنی کاریگەرترین ئامرازن بەرامبەر بەرەنگاریە جیهانییەکان".

چاوەڕوان دەکرێت لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی G20دا، فراوانکردنی هاریکاری نێودەوڵەتیی و فرەلایەنی دژبە پەتای کۆرۆنا و تاقیکردنەوە هاوشێوەکانی تاوتوێ بکرێت.

لە کۆبوونەوەکەدا، هەروەها هەوڵە هاوبەشەکان لە پێناو گەشەپێدانی ئەفریقا لەژێر ناونیشانی وەک بەرەنگاربوونەوەی برسێتیی، پەروەردە، گۆڕانی ئاووهەوا و کۆچ تاوتوێ دەکرێت. چاوەڕوانیش دەکرێت لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، ڕاگەیەندراوی ماتیرا پەسەند بکرێت.

وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا، لویجی دی مایۆ کە وەک سەرۆکی ئێستای G20، میواندارە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی گرووپەکە دەکات ڕایگەیاند کە هاریکاریی نێودەوڵەتیی و فرەلایەنی کاریگەرترین ئامرازن بەرامبەر بەرەنگاریە جیهانییەکان. دوێنێ سێشەممە، کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی G20 کە شاری مێژوویی ماتیرا باشووری ئیتاڵیا میواندارە دەکات، بە گوتاری کردنەوەی کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد.

لە کاتێکدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ئەنتۆنی بلینکن و وەزیران و جێگرانی وەزیری دەرەوەی 17 وڵاتەکەی دیکەی ئەندامی G20 لەگەڵ نوێنەرانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەشدارن لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤڕۆڤ و وەزیری دەرەوەی چین، وانگ یی بەشداریان نەکرد.

لویجی دی مایۆ لە گوتاری کردنەوەی باسی لەوە کرد کە ئەو پرۆژە یاسایەی هەفتەی ڕابردوو بووە ڕۆژەڤی پەرلەمان بە ناوی "پاراستنی مافی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و ڕێکخستنی نامەناردن" کە پێشنیازی سزادانی دارایی و زیندانی دەکات بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی هەوڵی کردنەوەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە دەدەن کە لەلایەن دادگاوە داخراون لە ڕۆژەڤی پەرلەمان لابراوە.

ئێران: دەکرێت ماوەی ڕێککەوتنی تەکنیکی درێژ بکرێتەوە

گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی ڕایگەیاند کە دەکرێت ماوەی چاودێری ئەو ڕێککەوتنەی ناوی "ڕێککەوتنی تەکنیکی" لێنراوە و لەنێوان ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم و ئێران لە مانگی شوباتی ڕابردوودا ئەنجامدرا و لە 24ی حوزیراندا کۆتایی هات، درێژ بکرێتەوە.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە کە عەلی ڕەبیعی دوێنێ سێشەممە لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە تارانی پایتەخت، باسی لە بابەتی هاریکاریی نێوان وڵاتەکەی و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەم ئەتۆم کردووە.

گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی سەبارەت بەو ڕێککەوتنە کە ڕێگە بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم دەدات چاودێری چالاکییە ئەتۆمییەکان بکات لە ئێران گوتی: "هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ پێویستی و ئەگەری درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی تەکنیکی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم. لەو بارەیەشەوە هەموو بڕاردەکان دەخەینە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەگەر ڕێککەوتنەکە نوێ نەکرێتەوە، ئەوا لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمدا تەنها لە چوارچێوەی چاودێری ئاسایشدا کار دەکەین".

لە لایەکی دیکەوە، گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی

بە بۆمب هێرش دەکرێتە سەر ماڵی دادوەرێکی عێراقی

چەکدارانی نەناسراو بە بۆمب هێرشیان کردە سەر ماڵی دادوەرێک لە باشووری عێراق. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، دوێنێ سێشەممە چەکدارانی نەناسراو بە سواری ماتۆرسکیلەوە، لە گەڕەکی زانکۆ لە ناوەڕاستی میسان، بۆمبێکیان هەڵداوەتە بەردەم ماڵی دادوەری دادگای بەدائە لە دادگای میسان. زانیارییە میدیاییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە جگە لە زیانی مادەی، هیچ زیانێکی مرۆیی بەر دادوەرەکە و خێزانەکەی نەکەوتووە. جێی باسە بەهۆی ناکارایی هێزە عێراقییەکانیش، چەکدارانی نەناسراو کە زۆرینەیان سەر بە گرووپ و میلیشیا تووندڕەو و تیرۆریستییەکانن، بەردەوام کردەی تیرۆریستی و تاوانکاری دەکەن.

نووسەرێک لە رێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشێک لە ئەرشیفەکەی بەخشییە بنکەی ژین لە سلێمانی

موسا ئەحمەد: لە هەر جێگەیەک مرۆڤایەتی پێویستی بە ئێمە بووبێت تیمەکانمان لەوێ بوونە



خەبات / ساسان دەروێش

لەنێو رۆشنبیران و کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردی و سیاسییەکان، باوبووە و تائێستاش بەردەوامە کە لەپاش کۆچی دواییان لەلایەن کەسوکاریان کتێبخانە دەوڵەمەندەکانیان بەخشراوەتە کتێبخانە گشتییەکان و بەشی تایبەتیان بۆ کردوونەتەوە بەناوی خۆیان، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەلایەن گەنجێکی خاوەن قەڵەمی شاری سلێمانی کە خەرمانێک بەرهەمی چاپکراوی خۆی و خولیابوون بە ئەرشیفکردن و کۆکردنەوەی چاپ و بڵاوکراوەکان هەیبووە، زیاتر لە 20 ساڵە سەرقاڵە پێوەیان، لەم بارودۆخەی کوردستان و دوورکەوتنەوەی خوێنەر لە خوێندن بەهۆی باری خراپی ئابووری و کەمی سەرچاوەکان لە کتیبخانەکان و پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە چاکی زانیوە بەشێک لەو ئەرشیفە و کتیبخانەکەی خۆی بکاتە دیاری بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی و لە رێگای ئەوانیشەوە ببەخشرێتە بنکەی ژین لە سلێمانی، ئەمەش لە مەراسیمێکی بچووکدا لە لایەن ستافێکی ئۆفیسی سلێمانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەئامادەبوونی زانیار سەردارقرگەیی پێشکەشی بنکەی ژین کرا و بووە جێگای سوپاس و دڵخۆشی بنکەی ژین بۆ پرکردنەوەی بۆ شایە کە لەو سەرچاوە گرنگانە هەیانبوو، پێم وایە هەموو ئەمانە سامانی نەتەوەیین و پێویستە بپارێزرێن و بە ئەرشیف بکرێن تاکو لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێن لە هەمان کاتدا سوودی بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژووی نەتەوەکەمان هەیە و قوتابیان و نووسەران و رۆشنبیران سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە ئەدەبیاتی پارتی کەمتر تێدا بڵاوکراوەتەوە بەهۆکارە جیاجیاکان لە قۆناغەکانی مێژووی ئەو شارەدا.



دەزگای خێر خوازیی بارزانی پەیامێکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی

سەرەتا موسا ئەحمەد بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەوبارەیەوە بۆ خەبات گوتی: ئێمە سەرەتا سوپاسێکی زۆری کاک زانیار سەردار قرگەیی نووسەر و رۆژنامەنووس دەکەین، بۆ ئەو هیمەتانەی ئەو کردوویەتی لە ڕابردوو ئێستادا بەتایبەتی جارێکی تر بۆ زیندووکردنەوەی کەسایەتییەکانی سلێمانی لەنێو ڕووداوەکان و بەتایبەتی لەسەر بارزانیی نەمر و رێبازی بارزانی و دواتر لەسەر کوردایەتی بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامی داون، جێگای رێزلێنانە ئێمە رێزی تایبەتیان هەیە بۆی بۆ ئەو هەموو ماندووبوونانەی کە دەیکا بۆ هەموو ئەو بەرهەمانەی پێشکەشی کردون و پێشکەشی دەکات، زۆر دەست خۆشی لێدەکەین، بەڕاستی بە بەهان ئەمە هەم قسەی من نییە و قسەی زۆرجاریش ئەو کەسایەتیانە لە چوارچێوەی ئەو چاوپێکەوتنانە یاخود نووسین و بەرهەمانەی ئەو کۆی کردوونەتەوە پێشەکیان بۆ نووسیووە و دەستخۆشی لێدەکەن، بەڕاستی ئێمە تەمانەی ئەوە دەکەین، دڵسۆزی وەکو ئەومان زۆر بێت لە هەموو کوردستان و پارچەکانی تر ، هەمیشە ئێمە ئەومان گوتووە و جارێکی تریش دەیڵێنەوە، رێبازی بارزانیی نەمر بە جیاواز لەو فەلسەفانە و ئایدۆلۆژیانە هەبوونە بۆ هەموو سەردەمێک ڕیبازێکی گونجاو بووە، بەتایبەتی بۆ ئێستای کوردستان، کوردستانیان لە هەموو ڕۆژ پێویستیان بەم رێبازە هەیە، چونکە وەکو ئێمە دەزانین رێبازی بارزانی خۆی لەیەک بوونداو دەبێتەوە خۆی لە پێکەوە ژیاندا دەبێتەوە خۆی لە یەکسانی و دادپەروەری دەبێتەوە، ئەم خاسیەتانە کوردستان لە هەموو شت زیاتر پێویستیان پێیانە، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و بەرجەستەکردنی ئەو رێبازە هەیە بە تایبەتیش بۆ ئەوەی گەنجانی ئێمە باشتر سوودی لێوەرگرن و لێیەوەی فێربن و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا پراکتیزەی بکەن، ئەم هەنگاوەش دیسان هەنگاوێکی تری کاک زانیارە، ئەمن دیسان دەستخۆشی لێدەکەم بەتایبەتی دەستنیشانکردنی بنکەی ژین بە دەستخۆشییەوە بۆ برایانی بەرێزم لەو ماوەیەدا هیمەتی زۆریان کردووە لە زیندووکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر دەوڵەمەندی تیدایە، بۆ ئەوانەی بیانەوێ لەسەر کورد بنووسن و چ ئەوانەی دەیانەوێ بۆ کوردی بنووسن بەرچاوڕوونیان هەبێ لە قۆناغەکانی مێژووی ڕابردوومانداسەر لە بنکەی ژین ئەدەن بۆ ئەوەی چاوبەهەبوونی بەڵگەنامەکان و چاپکراوە کۆنەکاندا بخشێنن بۆ ئەو کەسانە ئاسانکاری بەردەستە، بەداخەوە ئابووریی کوردستان ڕەنگە ڕێگربووبێت لە زیاتر بووژاندنەوەی ئەو ناوندە کولتووری و ڕۆشنبیرییە کوردییانە و خزمەتکردنیان لە بەشێوەیەکی گشتی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و بواری کۆکردنەوەی هەمەچەشنی بڵاوکراوە و چاپکراوە کوردییەکان کە ناوازەن و ڕۆڵیان بینیوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، ئێستا بنکەی ژین یەکێکە لەو بنکانە بەڕاستی ئەرشیفێکی هاوکاری و پشتگیرکردن، بەڵام کەسانی وەک زانیار دەبینین تەمەنای ئەوە دەکەین کە هاوشێوەی ئەوبن کە ئەوکارە جوانانە بکەن، ئەو ناوندە ڕۆشنبیرانەی کە ئێمە هەمانە خزمەت و هاوکاری و پشتیوانیان بکەین بۆ دەوڵەمەندکردنیان بۆ نەوەی نوێ و داهاتوومان بەردەست بن ، ئەم هەنگاوەی کاک زانیار سەردار قرگەیی بە ڕێگای دەزگای خێرخوازی بارزانی، خودی بەرنامەی دەزگای خێرخوازی بارزانیش ئەوەیە جگە لەو پەیامە مرۆییەی ئێمە کە ڕۆژانە ئێوە دەیبینن لە هەر جێگایەک مرۆڤایەتی پێویستی بە ئێمەبێ تیمەکانی ئێمە لەوێ بوونیان هەبووە و خزمەتیان پێشکەشکردووە، لایەنێکی تری خزمەتی دەزگاکەمان گرنگی دانە بە کەسایەتییەکانی کورد و گرنگی دانە بە کەلچەری کوردی و بواری ڕۆشنبیری و خزمەتکردن بە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و تەواوی دڵسۆزانی کورد و ناوندەکانی ڕۆشنبیری و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و هەرکارێکی خێرخوازی بێت ئێمە لەوپێناوەدا کار دەکەین، ئەرکەکانمان جێبەجێ دەکەین لە گەیاندنی پەیامەکەمان کە ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمرە لە خزمەتکردنی گەلەکەمان.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەزگایەکی خەمخۆر و پەروەشیی ڕێی کوردایەتی و رێبازی بارزانییە

بنکەی ژین لە سلێمانی سوپاسی زانیار سەردار قرگەیی کرد

هەروەها بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین لە نووسراوێکدا بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ئاماژەی بەو کار و هەڵوێستە گرنگەکردوە بۆ بنکەی ژین و تیایدا هاتووە: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بنکەی ژین، بەگەرمی سوپاستان دەکات کە ئەرکتان کێشا و کۆکراوەیەکی ڕۆشنبیریی بەڕێز زانیار سەردار قرگەیان پێشکەشکردوون، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێکی زۆر کتێب و ناميلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەی جیاجیا، گەیاندە بنکەکەیان ، هەروەها ئاماژەش بەوە دەکەن ئەم کارەیان نیشانەی خەمخۆرییە بۆ کەلەپووری شارستانیی کورد و بەشداریەکی دڵسۆزانیشە لەسەر خستنی ئەو پرۆژە نیشتیمانییەدا کە بنکەی ژین سااڵنێکە بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کەردستان و کەسان و لایەنی وەک بەرێزیان دەستی داوەتێ، هیوایان خواستووە ئەم پێوەندی و هاوکارییە لە نێوانیاندا دابەردەوام بێت، نموونەتان زۆربێ و سەرکەوتووبن بەوپەڕی ڕێزەوە.

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەزگایەکی خەمخۆرەلە کۆتاییشدا زانیار سەردار قرگەی باسی لەم هەنگاوەی کرد لە بەخشینی بەشێکی ئەرشیفەکەی بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بە بنکەی ژین و گوتی: ئارەزوویەکی زۆرم بۆ ئەرشیفکردن و پاراستنی دیکۆمێنتەکان هەیە و لەمێژە خولیای کۆکردنەوە و پاراستنی بەرهەمە مێژوویی و ڕۆژنامەگەرییەکانم بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی کە گرنگ و بەنرخ و بایەخدارن بە گشتی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەرهەم و سەرچاوانەی کە پەیوەستن بە شۆڕشەکانی کورد و کەسێتییەکان و مێژووی نەتەوەیان، بە تایبەتی ئەوانەی وابەستەن بە بارزانی و بارزانییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێکی گرنگ و دەوڵەمەندم لا کۆبوونەوە هەندێک لەو سەرچاوانەم کردە کتێب و هەندێکیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوم کردنەوە، بۆ بەهێزکردنی بنکەی ژین و ڕزگارکردن لەفەوتانیان پێم باشبوو بیبەخشم بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سلێمانی، دەزگایەکی خەمخۆر و دڵسۆز و پەروشی ڕێی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانییە تاکو ئەوانیش خۆیان بیبەخشن بە شوێنێکی شیاوکە ئەرشیفی بکەن و بپارێزن تاکو سوودبەخش بێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار، بۆ خۆشم بنکەی ژین لە سلێمانی بە شیاوم زانی چونکە وەک خۆیان ئاماژەیان پێ کردووە لە ڕووی ئەدەبیاتی پارتییەوە لە دوای ڕاپەڕینی 1991 ـەوە هەژارە، ئەم بەرهەمانەی منیش زیاتر گوزارشت لە مێژوو و ئەدەبی کوردی و شۆڕشەکان و ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی پارتییە، هەرچەند پێش ماوەیەیش هەندێک بەرهەمم بۆ بردن و پێشکەشم کردن کە بریتی بوون لە چوار کارتۆن کتێب و ناميلکە و نزیکەی سەد ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوون، ئەمەی ئێستاش دەیبەخشم زیاتر لە 120 ناونیشانی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردستانن، بەتاییەت بڵاوکراوەکانی سنووری هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و هەڵەبجەن، لەگەڵ نزیک بە 500 کتێب و ناميلکەی جۆراوجۆر، کەسەرجەمیان بریتی بوون لە 60 کارتۆن و هەندێکی تریشم لەبەردەستە بیبەخشم بە دەزگاکانی تری ڕۆشنبیری بۆ زیاتر خزمەت گەیاندن بەخوێنەری کورد.

ئەمڕۆ پلەکانی گەرما لە 10 پارێزگای عێراق دەگاتە 50 پلەی سەدی

دەستەی کەشناسی عێراق لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە پێشبینی دەکەن ئەمڕۆ چوارشەممە، پلەکانی گەرما لە بەغدای پایتەخت و نۆ پارێزگای دیکە بگاتە 50 پلەی سەدی.

بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە پارێزگای دیالە دەوامی فەرمی ئەمڕۆ چوارشەممە و دووسبەی پێنجەشەممە کرایە پشوو و لە پارێزگای دیوانیەش هەموو ڕۆژانی پێنجشەممەیەکی کردە پشوو. نووسینگەی ڕاگەیاندنی پارێزگاری دیالە لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە بە بڕیاری پارێزگاری دیالە، موسەننا تەمیمی دەوامی فەرمی سبەی چوارشەممە و دووسبەی پێنجەشەممە کراوەتە پشوو. هاوکات نووسینگەی ڕاگەیاندنی پارێزگاری دیوانییە لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە بە بڕیاری پارێزگاری دیوانییە، زوهێر عەلی شەعلان دەوامی فەرمی بۆ هەموو ڕۆژانی پێنجەشەممەیەک کراوەتە پشوو. باس لەوەشکراوە کە بڕیارەکە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی پلەکانی گەرما لە پارێزگای دیوانییە ڕوو لە دابەزین دەکەنەوە. هەروەها ئەوەیش خراوەتەڕوو بە بڕیاری پارێزگاری دیوانییە لە هەفتەکانی داهاتوودا، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە، دەوامی فەرمی لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا کاتژمێر 1 و 30 خولەکی دوای نیوەڕۆ دەبێت. پێشتریش پارێزگای نەجەف ڕۆژی پێنجشەممەی بە پشوو ڕاگەیاند، هەروەها پارێزگای بەسرەیش ئەمڕۆ چوارشەممە و پێنجشەممەی داهاتووی کردە پشوو.




لە دوو کۆبوونەوەی جەماوەریی لقی 16دا

دواییـن رووداو و پێشهاتەکان خرانەڕوو



بەئامانجی خستنەڕووی دواییـن رووداو و گۆڕانکارییـەکان و چەند پرسێکی گرنگی رۆژ بۆ زیاتر بەرچاو رووناکی هاونیشتمانیانی سنوورەکەو چەندین گۆڕانکاری لەهەرەمی لێژنە ناوچەکان , بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16 ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە کارگێڕانی لق و بەرپرسی یەکەئیدارییەکان و جەماوەرێکی زۆری هەردوو سنووری قەزای خەبات و ناحیەی رزگاری سەرپەرشتی دوو کۆبوونەوەی جەماوەری بەرفراوانی کرد .

لەمیانی کۆبوونەوەکانیدا بەرپرسی لقی 16 ی هەولێر ئاماژەی بەدواییـن رووداو و گۆڕانکارییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد و تیشکی خستە سەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کەبڕیارە لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ بەرێوەبچێت و بۆ ئەم مەبەستەش داواکاریـن لەخەڵکی دڵسۆزو وڵات پارێزی کوردستان وەك ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و لەپێناو بەهێزتر کردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد لەبەغدا بەشداری هەڵبژاردن بکەن و ئەوانەیشی کە تائێستا کارتی بایۆمەتریـان وەرنەگرتۆتەوە لەنزیکتریـن دەرفەتدا سەردانی بنکەکانی کۆمسیۆن بکەن بۆ وەرگرتنی کارتی بایۆمەتری دەنگدان بۆ ئەوەی لەو مافە بێبەش نەبن کە بەپێی یاسا پێیان بەخشراوە .



سێیەمین پرۆژەی هایدرۆپاوەر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت

وەزارەتی کارەبا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: پرۆژەکە (85%)ی تەواو بووە و بڕیارە تا کۆتایی ئەم ساڵ بە توانایی بەرهەم هێنانی 37 مێگاوات بەگەڕ بخرێت و بە تۆڕی نیشتمانی کارەباوە دەبەسترێتەوە.

لەکۆتاییدا وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: پرۆژەی گەلیی رەشاڤە لە دێرەلۆک تاکە پرۆژەی هایدرۆپاوەری پارێزگای دهۆکە.

دهۆک.. ڕێڤەبەرێ گشتی یێ نوو یێ ڕێک و پرا و ئاڤەدانکرن ل پارێزگەهێ دەست ب کار بوو



دچارچوڤێ وان گوهورینێن بەردەوام یێن دناڤ دام و دەزگەهێن حکومیدا دهێنە ئەنجامدان دوهی 29/6/2021 ب ئاماەبوونا ماجد سەید سالح جێگرێ پارێزگارێ دهۆکێ بو کاروبارێن تەکنیکی ب وەکالەت و چەند ڕێڤەبەر و بەرپرس و کارمەندێن ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕێك و پرا ڕێ و رسمێن دەست بکار بوونا ئەندازیا شێرزدا قادر مەحمود وەکو ڕێڤەبەرێ نوو یێ ڕێڤەبەریا ڕێك و پرا و ئاڤەند کرن و ئاکنجی کرنێ ل پارێزگەها دهۆکێ هاتنە گێران .

جێگرێ پارێزگارێ دهۆکێ بو کاروبارێن تەکنیکی دپەیڤکێدا سلاڤ و ڕێزێن پارێزگارێ دهۆکێ گەهاندنە ڕێڤەبەرێ گشتی یێ نوو یێ ڕێك و پرا و داخازا سەرکەفتنێ بو کر.

هەروسا گوت: گوهورین، پروسەکا سروشتی و بەردەوام و ئاسایە دناڤ دام و دەزگەهێن حکومەتا هەرێمێدا دهێتە ئەنجامدان و ئارمانج ژێ ئەوە ئاستێ کاری و خزمەت کرنێ بهێتە پێشئێخستن و هیڤی خاستن کو ڕێڤەبەرێ نوو ل ئاستێ وێ بەرپرسیاریێ بیت یا پێ هاتیە راسپاردن و بشێت ب رەنگەکێ باشتر خزمەتا سەکتەرێ ڕێك و پرا و ئاڤەدان کرن و ئاکنجی کرنێ بکەت و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشاندا بو هەر هاریکاریەکێ.

ژ لایێ خوڤە ئەندازیا شێرزدا قادر مەحمود ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ڕێك و پرا سوزدا کو ب هاریکاریا کارمەندێن ڕێڤەبەریێ دێ ل جهێ وێ باوەریێ بیت یا پێ هاتیە راسپاردن و خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ کەت.

هەژی گوتنێ یە نوکە ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕێك و پرا و ئاڤەدان کرن و ئاکنجی کرنێ سەرپەرشتیا بجهێ ئینانا پتر ژ هەشتێ پرۆژێن خزمەتکاری یێن جورا و جور و ستراتیجی ل سنورێ پارێزگەهێ دکەت .

هەر ناوچەیەک کێشەی ئاوی هەبێت پارەی بۆ خەرج دەکرێت



هەفتەی رابردوو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوژمەیەك پارەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی دابین کرد، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، هەر ناوچەیەك کێشەی ئاوی هەبێت، پارەی بۆ خەرج دەکرێت.

ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاند: ئەو دوو ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری سەرۆکی حکوومەت بۆ وشکەساڵی خەرجی کردووە، تەنها بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوەیە، ئێمە پلانمان ئەوەیە پارەکە بۆ لێدانی بیری نوێ و ئەو بیرانە تەرخان بکەین کە بە هۆی وشکەساڵی وشك بوونە لەگەڵ گۆڕینی ئامێرەکان و کرینی تانکەر بۆ دابین کردنی ئاوی پاك و چەندین خزمەتگوزاریی دیکەش بەو پارەیە جێبەجێ دەکرێن».

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو گوتیشی: بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاوی خواردنەوە، قەیرانی کەمیی ئاو لە هەندێ ناوچە و شار و گەڕەك پەیدا بووە، بەڵام هەولەکانی ئێمە بەردەوامن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە. ئاری ئەحمەد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «ئێمە ڕۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاوی پاك بەرهەم دێنین، کە بۆ هەر هاوواڵتیەك ڕۆژانە نزیکەی ٣٥٠ لیتر ئاو دابین دەکرێت، ئەو ڕێژەیەش زۆر لە سەرەوەی ستانداردی جیهانییە، چونکە بە گوێرەی ستانداردی جیهانی، هەر مرۆڤێك ڕۆژانە پێویستی بە ٢٠٠ تا ٢٥٠ لیتر ئاو هەیە، بەداخەوە نەبوونی کارەبای نیشتیمانی بە بەردەوامی و وشکەساڵی، هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی کێشەی ئاو، لەگەڵ ئەوەشدا هاوواڵتیانیش وەك پێویست دەست بە ئاوەوە ناگرن.

پێنجوێن.. پەکەکە بە زۆرەملێ باج بەسەر هاووڵاتیياندا دەسەپێنێت



سەرچاوە ئاگادارەکە گوتیشی: «هاووڵاتییان و بازرگانان لە ناچاری سەرانە بە چەکدارانی پەکەکە دەدەن، چونکە هەرچەندە داوا لە لایەنە کوردستان، چەکدارانی پەکەکە هەن و بە زۆرەملێ سەرانە لە کاسبکاران وەردەگرن.» ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: « لە گوندەکانی سیاگوێز، وێنە، کانیخان، سەیرانەن، نزارە، چەمەك و سپیلکێ بنکە و بارەگای پەکەکە هەیە و سەرانە وەردەگرن».

دەشڵێت، ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە لە وەرگرتنی سەرانە لە هاووڵاتییان و بازرگانان داهاتێکی زۆر کۆ دەکەنەوە، هیچ کەس بۆی نییە لە باج و سەرانە خۆی بدزێتەوە.

لە تەواوی گوند و مەرزە لاوەکییەکانی بازرگانی، چەکدارانی پەکەکە هەن و لەژێر ناوی جۆراوجۆر سەرانە وەردەگرن. هاووڵاتییانیش نیگەرانن و بەهۆی بێدەنگیی لایەنی پێوەندیدارەوە بە ناچاری باج دەدەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە قەزای پێنجوێن کە نەیویست ناوی ببرێت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: «لە تەواوی ئەو مەرزە لاوەکییانەی هەیە لە سنووری قەزای پێنجوێن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی پێوەندیدارەکان کراوە چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و ڕێگە نەدەن پەکەکە باجیان لێ وەربگرێت، بەڵام بە هاوارییەوە نەهاتوون».

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لەخانەوادەی مەلا حەسەن سلێمان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستایی ئاینی و کەسایەتی دیاری قەڵادزەیی(مەلا حەسەن سلێمان عەبدوڵڵا)مان بیست.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی کەسوکار و خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکارتان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا حەسەن بەر دلۆقانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

.....

بەڕێزان لە خانەواده و کەسوکاری جەلال ڕەحیم کەوگیر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی بەوەفای شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(ئەمین تۆفیق سالح)مان بیست.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و کوردپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو کاکە ئەمین دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی هەموو لایەك دەزانین.

لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کاکە ئەمین بەر دلۆقانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بەخانەواده و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

.....

بەڕێزان لە خانەواده و کەسوکاری جەلال ڕەحیم کەوگیر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی بەوەفای شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری دەڤەری پشدەر کاك(جەلال ڕەحیم کەوگیر قەڵادزەیی)مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی هەموو لایەك دەزانین.

لە خودای دلۆقان داواکارین لەم کۆستەدا بە دڵنەوایی و ئارامی بەخشین خانەوادە و کەسوکارتان بەسەر بکاتەوە و گیانی کاك جەلال بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

.....

بەڕێزان کەسوکار و خانەوادەی حاجی حسێن بایز سەرسیانی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری مەرگە و پێشمەرگەی بەوەفا و دڵسۆزی شۆڕشی ئەیلوول کاك(حاجی حسێن بایز سەرسیانی)مان بیست.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی کەسوکار و خزم و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو کاکە حاجی حسێن بەر دلۆقانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاسنامە

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکمانەوە، خاتوو (عاسمە شێخ وەهاب)، ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوڕێ و خزم و دۆست و ئاشنا، لە شار و ناوچەکانی کوردستانەوە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە و لە ئەوروپاوە، بە ئامادەبوون لە پرسەکەیدا لە شاکەل، یا بە تەلەفۆن و ئیمەیڵ یا لە ڕێی فەیسبووکەوە هاوخەمیی خۆیان دەربڕی و پەیامی پرسە و سەرەخۆشییان پێ گەیاندین، کە بۆ ئێمە، لەم کاتەدا، پشتگرییەکی گەورەی مەعنەوی بوو، هەمیشە بەرزی دەنرخێنین و بە شانازییەوە لە بیرمانە.

سوپاسی گەرم بۆ بەڕێزانی بارەگای بارزانی بۆ پەیامی دڵسۆزانە و دۆستانەیان، سوپاس بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، هەروەها سوپاس بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی گەرمیان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و هەموو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕووناکبیران و نووسەران و دۆستانی خۆشەویست و هێژا لە هەر کوێیەک بن.

لە دڵەوە سوپاسی هەموویان دەکەین، هیوادارین خوای گەورە تەمەنی درێژ و تەندروستی و خۆشی و خۆشەویستی، بەختەوەری و سەرکەوتن ببەخشێت بە هەموویان و هیچ تەگەرە و ناخۆشییەک نەیەتە ڕێگەی ژیانیان.

فەرهاد شاکەلی
ئەمجەد شاکەلی



تۆیژینەوەکە پێشتر لە یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا و ئێران و قەوقاز کراوە

پشکنینی DNA بۆ ئێسک و پروسکی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستان و عێراق دەکرێت



خەبات: عەلی بانیشاری

چوار زانکۆی بیانی بۆ ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی لەسەر ئێسک و پروسکی مرۆڤی کۆن لە هەرێمی کوردستان داواکارییەك پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار دەکەن. چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زانکۆکان و دەسەڵاتی شوێنەواری لە کوردستان گرێبەستێك بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە واژۆ بکرێت. بەهۆی ئەنجامنەدانی پشکنینی وردی زانستی و بە دیاریکراوی دی ئێن ئەی تاوەکو ئێستا زانیاری تەواو لەسەر ژیانی مرۆڤی چاخی بەردین لە کوردستان و عێراق بەردەست نییە.

بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار دەڵێت: لەسەر داواکارییەکی زانکۆ بیانییەکان و ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەتی کوردستان لە گفتوگۆداین. کەیفی مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری هەرێمی کوردستان بە (خەبات)ـی گوت: زەمینەسازیان کردووە تا لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی کۆرۆنا بۆ ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی لەسەر ئێسك و پروسکی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ تا سەردەمی ئیسلامی لەلایەن زانکۆکانی کۆپنهاگن و هارڤارد و هامبۆرگ و لەندەن ڕێککەوتنێك ئەنجام بدەین و لە ئێستاشدا لەگەڵ ئەو چەند زانکۆیە و خەریکی گۆڕینەوەی بیرو بۆچوونین.

گوتیشی: بێ لە کوردستان، حکوومەتی عێراقیش دەیانەوێت توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە لەناوچەکەدا ئەنجام بدرێت. ئامانج لە توێژینەوەکە خستەڕووی زیانیاری نوێیە لەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤی کۆن و زمانی ئاخاوتن و ئەو نەخۆشیانەی لە چاخی بەردینی نوێ تا سەردەمی ئیسلامی لە نێو مرۆڤدا بڵاوبووە. دەشڵێت: پێشتر توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە لە یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا و ئێران و قەوقاز ئەنجامدراوە، بەڵام تا ئێستا پشکنینی لەو جۆرە لە کوردستان و عێراق ئەنجام نەدراوە.

ئامانجێکی دیکەی توێژینەوە زانستییەکە چێنیەتی کۆچکردنی مرۆڤی کۆنە لە ناوچەکانی چیای زاگرۆس و دۆڵی میزۆپۆتامیا و کاریگەری و تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان لەسەر ئەو ناوچانە. کەیفی مستەفا ئاماژەی بەوەشدا، زانکۆکان داواکاری خۆیان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پێشکەش کردووە و ئەوانیش لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بابەتە گرنگە لە گفتوگۆدان.

بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری هەرێمی کوردستان باسی لەوەشکرد، ئەگەر توێژینەوەکە لە کوردستان ئەنجام بدرێت، دەبێت لە عێراقیش ئەنجام بدرێت، چونکە زانکۆ بیانییەکان پێیان وایە بە تەنیا ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی لە کوردستان یان لە عێراق دەبێتە هۆی کەموکوڕی لە توێژینەوەکەدا و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بەردەست نابێت.

عەبدوڵڵا زەندی، دکتۆرا لە زانستی شوێنەواری کۆن و مامۆستا لە بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەین لەبارەی ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی لەلایەن چەند زانکۆیەکی بیانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەڵێت: هەر هەنگاوێکی لەم چەشنە جێی بایەخە و سوودیکی زۆری بۆ گەلی کورد دەبێت، چونکە لێکۆڵینەوەی دی ئێن ئەی نەوەی کۆنی کورد و باو و باپیرانی کوردان دەستنیشان دەکات. دەشڵێت: ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، چاخەکانی بەردینی ئەوە دیراسەکردنی مرۆڤی ئەو سەردەمە و بەراوردکردنیان لەگەڵ مرۆڤی ئێستا بابەتێکی زۆر گرنگ و بەسوودە. ئەو پێیوایە، لە ڕێگەی توێژینەوەکەوە دەکرێت زانیاری تەواو دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد دیاری بکرێت و ترشی دی ئێن ئەی نمونەی لە ئێسکە پەیکەرەکانەوە وەربگیرێت و چاخ بە چاخ بەراوردکاری بۆ بکرێت و ڕەچەڵەك و پەیوەندی مرۆڤەکان بە پەکتەرەوە دیاری بکرێت، هەر لە ڕێگەی ترشەکەوە زانیاری تەواو لەسەر جۆری ڕووەك و شێوەکەی بەردەست دەبێت دواتر دەکرێت بزانرێت چ جۆرە ئاژەڵێك پێشتر لە خاکی کوردستان ژیاون یا چ جۆرە ڕووەکێك چێنراوە.

ئەو پسپۆڕەی زانستی شوێنەواری کۆن هەروەها دەڵێت: دەبوایە توێژینەوەکەی لەو جۆرە زۆر زووتر بکرایە، چونکە ئەمە کارێکی نیشتمانییە بۆ داهاتووی میلەتەکەمان دەبێت بە دەستکەوت و ڕەچەڵەکی کوردی پێی دیاری دەکرێت و میژووەکەشی بەدەردەخات. جەختی لەوەشکردەوە، لە توێژینەوەکەدا پێویستە شوێنەوارناسانی کوردستان بۆ پێدانی زانیاری لەسەر ئەو شوێنە شوێنەوارییانەی کەوا نموونەی لێ وەردەگیرێت بەشداربن و هاوکاریکردنی تیمە بیانییەکان بکەن، چونکە شوێنەوارناسان شارەزایی تەواویان سەبارەت بە شوێن و کەلوپەلە دۆزراوەکانی هەموو چاخەکانی بەردینی و کانزایی و میژوویی هەیە و تەنانەت دەشزانن چ گەلێك پێشتر لە گرد و شوێنە شوێنەوارەکان ژیاوە.

د.عەبدوڵڵا زەندی ئاماژەی بەوەشکرد، هەر تیمێك پرۆژەیەك لە چوارچێوەی پشکنینی دی ئێن ئەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار بکات بەلایەنی کەمەوە پێویستە بە سێ هەفتە دەبێت بۆ کارکردنی مەیدانی، ئەگەر ماوەکە زیاتریش بێت باشترە، چونکە سەردانیکردنی گردە شوێنەوایەکان کاتێکی زۆری پێویستە و دەبێت نموونەیان لێ وەربگیرێت و دواتر کۆی داتاکان تۆمار بکرێن، هەرچی سەبارەت بە کاری تاقیگەییە پێویستی بە کاتی زۆر زیاتر دەبێت بۆ شیکردنەوەی هەموو ئەو نموونانەی کەوا وەرگیراون.

بۆ یەکەمجار ترشی DNA زانای زیندەوەرزانی فریدریك میشیر لە ساڵی ١٨٦٩ دۆزییەوە. ترشەکە بۆ ناسینەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ بەکاردێت، ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە لە ئێسکەپەیکەر. کاری ترشەکە بریتییە لە خەزنکردنی زانیاری بۆماوەیی بۆ کاتێکی زۆر. دەکرێت نمونەی ئەم ترشە لە ڕەگی موو، شلەی لاشە و پێست وەربگیرێت. هەروەها ترشەکە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەها نەخۆشی سوودی لێ دەبینرێت.

بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار:

لێکۆڵینەوەکە لەسەر شێوەی ژیان و زمانی مرۆڤی کۆن دەبێت و چەندین زانکۆی ئەمریکی و ئەوروپی تێیدا بەشداردەبن



65%ـی سنووری پارێزگای هەولێر لە مین پاککراوەتەوە

خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

بە پێی دواییین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی پارێزگای هەولێر , لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا (٦٠٠٠) مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگی لەناوبراون و بە شێوەیەکی گشتیش (٦٥٪) سنووری پارێزگای هەولێر لە مین پاککراوەتەوە، تایبەت بەم بابەتە (رابەر ئەنوەر) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر لە وەڵامی چەند پرسیارێکی خەبات بەمشێوەیە هاتە دوان.

سەرەتا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر ئاماژەی بە ڕوپێوێکی ساڵی (٢٠١٠) بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی پیسبوو بە مین لە سنووری پارێزگای هەولێر کرد و ڕایگەیاند , لە ڕاستیدا بە پێی ئەو ڕووپێوەی کە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی پیسبوو بە مین لە سنووری پارێزگای هەولێر ئەنجامیدا دەرکەوت کە (٥٠)ملیۆن مەتر چوار گۆشەی سنووری ئەو پارێزگای بە مین پیس کرابوو کە خۆشبەختانە توانراوە لە ساڵانی رابردوو تا ئێستا (٦٥)٪ ئەو ڕووبەرە لە مین و تەقەمەنی پاکبکرێتەوە و ئەوەشی کە ماوە بە (٣٥٪) دەخەملێنرێت.

لە ناوبردنی (٦٠٠٠) مین و تە قە مە نی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر توانیویەتی لە ماوەی شەش مانگی رابردوو (٦٠٠٠) مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگی لەناوبات لەو بارەیەوە (رابەر ئەنوەر) وتی : لە سەرەتای ساڵەوە تا ئێستا سەرەڕای قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا , بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر توانیویەتی زۆرترین چالاکی لەناوبردنی مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگی ئەنجامبدات و بە شێوەیەك لە کاتەکانی پشووش تیمەکانی مینلابەری لە ئەرکەکانیان بەردەوام بوونە و خۆشبەختانە توانراوە لە ماوەی شەش مانگی رابردوو (٦٠٠٠) مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگی لەناوببردرێن کە مەترسییان بۆ هاوڵاتیان دروستکردبوو.

ئەمساڵ (٦)کەس بوونەتە قوربانی

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ خەبات بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر ئاماژەی بە ئاماری قوربانیانی مین لە شەش مانگی رابردوو و هۆکارەکانی ئەمجۆرە ڕووداوانەش کرد و ڕایگەیاند , بە داخەوە لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا تا ئێستا (٦)کەس بوونەتە قوربانی ڕووداوەکانی مین کە لەو ڕێژەیەدا دوو کەسیان گیانیان لەدەستداوە و چوار کەسی دیکەش بریندار بوونە , سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەمجۆرە ڕووداوانەش دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە هەموو ناوچە مینرێژکراوەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر نیشانە ڕێژ کراون و بیلبۆردی هۆشیارکردنەوەیان لێدراوە , واتە هەموو کێلگە مینەکان نیشانە ڕێژ کراون , بەڵام بەداخەوە هەندێك لە هاوڵاتیان پابەند نابن و سەرکێشی دەکەن و دەچنە ناو کێلگە مینرێژکراوەکان کە ئامانجیان کۆکردنەوەی گژ وگیای بەهاری یانیش راوکردن یانیش گەشتی چیایی بووە , بۆ نمونە ئەو شەش قوربانییەی ئەمساڵی ڕووداوەکانی مین هەر هەموویان شارەزای ناوچەکە بوونە و دەیانزانی کە ناوچەکە مینرێژکراو و مەترسیدارە.

بەرپرسیاریەتی ئافرەتان لەهەمبەر قەیرانی کەم ئاوی

ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی

ئەم چەند ساڵەی دوایی لە سەرانسەری جیهان هۆشداری زۆر بڵاوکراوەتە کە بەگشتی جیهان تووشی کەمئاوی هاتووە و بەرەو وشکسالّییەکی مەترسیدار دەڕوات. بە ئاشکراش لە کوردستان هەست بەو قەیرانە دەکرێت و بەداخەوە کەمی باران، کەمبوونەوەی ئاوەکانی ژێر زەوی و نەبوونی ڕۆشنبیری خەڵك لەسەر مەترسییەکانی کەمئاوی بەتایبەت بۆ نەوەی داهاتوو کە زۆر بەجیدی ڕووبەڕووی دەبنەوە وایکردووە ئەو ڕەوتە زۆر خێراتر بڕوات. بەوپێیەی بە هۆی پاکوخاوێنی ماڵ، خزمەتی خێزان و لێنان و... زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئاو ئافرەتانن بە پێویستمانزانی ڕاپۆرتێك لەو بارەوە لە لاپەڕە ئەنجام بدرێت. قەیرانەکە ئەوەندە جیدییە کە پێویستە هەموومان بەهەر شێوەیەك کە دەتوانین کارێك بکەین و هەنگاوێکیش بە کەم سەیرنەکرێت. وەك پێشبینی دەکرێت شەڕی ساڵانی داهاتوو شەڕی نەوت و دەسەڵات و ...تد نییە بەڵکو جەنگ لەسەر سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.



ناسك سەعید



نەسرین حەسەن



گوڵبەهار پاڵانی

ناسك سەعید چالاکوانی ئافرەتان لەبارەوە دەڵێت: ئاو وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویست لە هەموو ولاتێکدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بەو مانایەی ڕێز لە گرانی بەرهەم هێنانی ئاو بێت یاخود لە بەرزی نرخەکەی بێت. ئاو لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمە و هەموو جیهان ڕێژێکی گەورەی لێدەگیرێت و بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن و لەو پێناوەشدا چەندین گروپ و ڕێکخراو لەپێناو ئاودا دروستبوون و بەردەوام هۆشیاری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان و بەفیڕۆدانی بڵاودەکەنەوە. لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا گرنگی بەم بابەتە نادرێت و بەشێوازێکی زۆر ناشارستانی ئاو بەکاردهێندرێت. بۆ نمونە ئەگەر بە کۆڵانێکدا تێپەڕبیت دەبینی یەکێك ئۆتۆمبیلی پێدەشوات و یەکێکی تر لەبەردەرگای خۆیەوە تاوەکو کۆتایی کۆڵانەکەی خۆیان پاك دەکاتەوە، بەم کارە پێویایە دڵسۆزی ئەنوێنێت بەرامبەر بە کەسانی دەوروبەری خۆی کە پاکوخاوێنی کۆڵانەکەیان ڕادەگرێت. ئەوەی ئەوە بە واتای ئەوەیە کە بەهای بەو سەرمایە مەزنەی ژیانداوە. منداڵەکان فێربکرێن کە چۆن بەهای ئەو پێداویستییە گرنگەی ژیان بزانن و بەفیڕۆینەدەن. تەنانەت لە کاتی دەستشوشتن، لەبەر ئەوەی هەموو هەنگاوە بچووکەکان لە کۆتاییدا دەبنە بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکان. هەروەها بە «کلتورکردنی بەفیڕۆنەدانی ئاو» لە ڕێگەی دروستکردنی کەمپین و هۆشیارکردنەوەی خەڵك کاریگەری زۆری لەسەر پاراستنی ئەو سەرمایە گرنگەی مرۆڤ هەیە. دەبێ خەڵك لە مەترسی کەمبوونی ئاو تێبگەن و تەنانەت ڕاگەیاندیش لەو بوارەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە و پێویستە ئەو پرسە بەنیشتیمانی بکرێت، چونکە ئاویش سەرمایەکی گرنگی ئەو نیشتیمانەیە کە دەبێ بپارێزین.

گوڵبەهار پاڵانی مامۆستا بەمشێوەیە لەبارەوە دەدوێت: ئاو سەرچاوەی ژیانە. ژینی بێ ئاو وێرانە. ئاوە هۆی ئاوەدانی بۆ کۆمەڵگەکانە و هەر لە کۆنەوە وتراوە ئاو و ئاوەدانی، بەڵام ئایا مرۆڤ بۆ پاراستنی ئەو سامانە کارێکی کردووە؟ ئایا پێویست نییە هەر کەس خۆی لەو بارەوە بە بەرپرسیار بزانێت و کارێك بکات، بۆیە پێمواییە ڕۆڵی ئافرەت لە پاراستنی ئاودا شتێکی گرنگ و پێویستە. تەنانەت زیاتر لەسەر ئافرەت دەوەستی چی بکات وچۆن پاریزگاری لێبکات هەر چۆن لەداهات وخەرجی ڕۆژانەی ژیانی دست بە پارەو سامانەوە دەگریت و بە ئاگاییەوە مامەڵەدەکات، لەبەکارهێنانی ئاویشدا بەهەمان شیوە زیادەڕۆیی نەکات و بەفیڕۆ نەدات، چونکە بۆ گشت لایەك ڕوونە بەهۆی وشکەسالێ و نەبارینی باران و کەمکردنەوەی ئاو لە ڕووبار و کانی و دەریاکان، هەڕەشەی بۆ زۆر شوینی کوردستان و ناوچە و گەڕەکەکان هیناوە و چ ماڵوێرانییەکی بۆ گشت جوتیاران و کەرتی کشتوکال گەیاندووە، بۆیە پێویستە ئافرەت هەمیشە ئەو دیمەنە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کاتی ئاو بە هەر هۆیەك بۆ چەند ڕۆژێك لە گەڕەکێك نایەت چەند دەردی بێ ئاوی دەکێشن هەر تەنکەرە ئاویك بە نرخی ٣٠ یان ٤٠هەزار دەکرن ئاوێکی پیس وچەوری بۆن گازوایل. من وەك ئافرەتێك لەم بارودۆخەی ئیستادا بۆ کەمتر بەفیڕۆدانی ئاو پیشنیار دەکەم: یەکەم خاڵ لێژنەی سزادانی ئاو هەبیت. لەکوچە و کۆڵانەکان بگەڕێن ئەو ماڵانەی ئاوێکی زۆر بە شەقام و کۆڵان و ئۆتۆمبیل شوشتن، بەهەدەر دەدەن بەبڕی پارەیەکی زۆر سزا بدرین، چونکە ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ کەمکردنەوە و بەفیڕۆنەدانی ئاو. ئەمەش ئەرکی حکومەتە بۆ پاریزگاریکردن لەسامانی ئاو، چونکە سزای پارەی لەگەڵدا نەبیت ئەو دیاردەی ئاوبەفیڕۆدان لە شەقام کۆڵانەکان کەم نابێتەوە. خاڵی دووەم ئەو گەڕەکانەی هەموو ڕۆژ ئاویان دێت بەهەمان بەرنامەی گەڕەکەکانی کە ئاوی بیران هەیە چۆن ڕۆژێك نارۆژێك ئاویان بۆ دابەشکراوە ئاواش بێتە خشتەی ڕۆژانە و کەم بکرێتەوە. خاڵی سێیەم بۆ ئافرەتەکان، هەموو ڕۆژێك پێویست بەوە ناکات نێوماڵ و حەوشە بشۆردرێت، یا زۆرجار لەبری شوشتنی حەوش وماڵ ژوورکان بە پەڕۆیەك بسڕێتەوە. یان ئەوانەی لەکاتی قاپ شۆرین ئاو زۆر دەکەنەوە و ناگرنەوە پێویستە هەموو قاپەکان پاکبکرێتەوە بەکەفاو ئینجا ئاوکێشی بکات هەڵبەت بەلوعەکە نیوە بکاتەوە، بۆیە(پێغەمبەرمان د.خ) دەفەرموویت گەر لەسەر ڕووبارێ بوی دەست نوێژت گرت هێندە ئاو بەفیڕۆ مەدە، چونکە پێویایە ئاو زۆر لەسامانی نەوت و پارە گرنگترە. بڕوا بکەن گەر هەر کەسەوە تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانە بەلوعەکە نیوە بکاتەوە ژمارەیەکی بڕواپێنەکراو لە لیترەکانی ئاو کۆدەکرێتەوە و ژیانیش هیچ پەکینەکەوتووە. با دۆستی ژینگە و مرۆڤایەتی بین و نەبینە هۆکاری لەنێوچوونیان.



ئافرەتێکی ڕاپەڕی ئەفغانی براوەی خەڵاتی (ئازادی)

ئەمساڵ خەڵاتی « ئازادی « بەخشرایە سۆنیتا عەلیزادە، ڕاپەڕی ئەفغانی نیشتەجێی ئەمەریکا.

ئەم خەڵاتە بەهۆی چالاکییە هونەرییەکانی و گرنگیدان بە بابەت گەلێك وەك هاوسەرگیری زۆرەملی، تووندوتیژی دژی ئافرەتان، ئازاردانی ئافرەتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە گۆرانییەکانیدا پێی بەخشرا.

خەڵاتی ساڵانەی « ئازادی « پرۆژەیەکی داهێنەرانەیە لە ناوچەی نۆرماندی فەرەنسا کە بە هاوبەشی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ئاشتی، و کاربەدەستانی زانکۆی نۆرماندی و کانۆپە ئەنجامدەدرێت.

سۆنیتا عەلیزادە کە بەر لە چوونی بۆ تاراوگە لە ئێران ژیاوە، لە ڕاپۆرتەکەی دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: پاش تۆماری ئاوازی (کچ فرۆشی) بە یارمەتی ڕۆخسارە قائم مەقامی، توانیویەتی کورسییەکی خوێندن لە لایەن ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستی بەدەست بێنێت و بەو هۆیەی لە ئێران نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە حکومییەکان بڕیاری چوون بۆ ئەمەریکا دەدات. هەروەها ڕێگەپێنەدانی ئێران بە چالاکییە هونەرییەکانی هۆکاریتر بۆ دانی ئەو بڕیارە بووە. سۆنیتا ئێستا لە « بارت کالیج « ی نیۆیۆرك قوتابییە و ڕەزامەندی لە ژیانی خۆی هەیە. سۆنیتا لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: « بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە و گرفتانەی کچانی ئەفغانی ڕووبەڕووی دەبنەوە ناتوانێت چێژ لەو ئیمکانیاتە وەربگرێت کە بۆی ڕەخساوە و بەو باوەڕەی کە ئەو دەرفەتە بۆ کچانیتر نەهاتووەتە پێش دڵگرانە. هەروەها دەڵێ کە بنەمای بیرکردنەوە و سەرنجی لەسەر ماڤی مرۆڤە و هەوڵدەدات کە بە تێهەڵکێشی ئەو بابەتە لەگەڵ مۆسیقا لە داهاتوودا پەرەی زیاتر بە چالاکییەکانی بدات. ئامانجی بەوەدەدات کە لە سەرەتاوە مۆسیقای وەك دەنگهەڵبڕینێك بەرامبەر بە پێشێلکردنی ماڤی مرۆڤ بەکارهێناوە و پێیوایە لەو ڕێگەیەوە زیاتر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان دروست بکات و ببێتە دەنگی کچان و ئافرەتان و گۆڕانکاری لە ژیانیاندا دروست بکات تەنانەت ئەگەر چەند کەسێکیش بن.

خەڵاتی (ئازادی) ساڵانە لە وڵاتی فەرەنسا لە نێوان گەنجانی ١٥ تا ٢٥ ساڵ دابەشدەکرێت، کە لە پێناو ئازادیدا شۆڕش دەکەن. ناوەکان لە لایەن لێژنەیەك هەڵدەبژێردرێن و سێ کەس دەگەنە قۆناغی کۆتایی کە ئەو کات بە دەنگی بەکاربەرانی سۆشیال میدیا هەڵدەبژێردرێن.

سۆنیتا وتی بە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە خۆشحاڵە و ئەوە واتا دەنگی لە وڵاتانیتر دەبیسترێت و گەنجان پاڵپشتی دەکەن. ئەو خەڵاتە وەرە و هێزی داوەتێ تا زیاتر پەیامەکانی بگەیەنێتە گوێی گەنجان. سۆنیتا لەو ڕاپرسییە پێنج هەزار دەنگی لە هەشتاوهەفت وڵاتی جیاواز بەدەستهێناوە.

هۆکاری دانانی دەنگی ئافرەت لەسەر gps ، پەیامی تەلەفون

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

تا ئێستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەوە چ نەهێنییەکە کە کاتێك gps ی سەیارەکەتان بەکاردێنن ئافرەتێك ڕێنماییتان دەکات؟ بۆ لە ترانلێتی گوگڵ چۆنیەتی وتنی وشەکان لە لایەن ئافرەتێکەوەیە یان بۆ ئەپلیکەیشنی سیری ئایفۆن ئافرەتێکە نەك پیاوێك؟ لە ڕاستیدا هۆکارەکان زۆرن. هۆکاری سەرەکی بە ئەگەرێکی زۆر بابەتی بیۆلۆژیکییە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە مرۆڤ زۆر بە ئاسانی لە بەرامبەر دەنگی ئافرەت کاردانەوەی هەیە. هۆکاری بنچینەیی ئەو کاردانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆڕپەلەیی کە یەکەم دەنگ کە منداڵ لە منداڵدانی دایك دەبیستێت دەنگی شیرینی دایکە.



پرۆفیسۆر کلیفۆردنس مامۆستای زانکۆی ستانفۆردی ئەمریکی دەڵێت:» ئەوە واتا بە جوانی سەلمێنراوە کە مێشکی مرۆڤ وەك دەنگی ئافرەت ناسکە و هەر بەو هۆیەش لەگەڵ دەنگە ناسکەکان باشتر پەیوەندی دەروست دەکات.» جێی سەرنجە کە بزانن کە زۆربەی خەڵك حەز بە دەنگی ئافرەت دەکەن، بۆ وێنە لە زۆربەی بابەتەکان دۆزینەوەی دەنگێکی ئافرەتانە کە زۆربەی خەڵك هەڵیبژێرن تا دەنگێکی پیاوانە بەو تایبەتمەندیانە بدۆزنەوە. هۆکارێکیتر ستانداردە پیشەییەکانە کە لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی دانراون. ئەو کات ئەندازیارەکان بڕیاریاندا کە لە دەنگی ئافرەت بۆ کۆنترۆڵی سیستەمی دەنگی فڕۆکەی جەنگییەکان سوود وەربگرن تا فڕۆکەوان بتوانێت دەنگی تیمی فڕینەکە کە هەموویان پیاو بوون لە فەرمانەکانی سیستەمی گواستنەوەکان جیابکەنەوە. پیشەوەرانی ئۆتۆمبیلیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە سیستەمی دەنگی ئۆتۆمبیلەکانیان بە دەنگی ئافرەتانە دانا. لەگەڵ پەرەسەندی تەکنۆلۆجیا سیستەمی گواستنەوەی هەندێ کۆمپانیا ناچاربون تا دەنگی پیاوانیش بەکاربێنن، هەم بۆ پاڵپشتی لە ڕەگەزی پیاو و هەمیش بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نەبوونی لێکچوونی دەنگی ژن و پیاو. بۆ وێنە کۆمپانیای BMW کاتێك هەستیان کرد زۆربەی پیاوانی ئەڵمانی لەگەڵ سیستەمی جی پی ئێس ی ئۆتۆمبیلەکەیان کێشەیان هەیە و دەیێت چەنجارێك ناوی ڕێگەکە دووپاتکەنەوە تا ئامێرەکە تێبگات ناچاربوون دەنگی پیاوانیش بەو سیستەمە زیادبکەن.

لە زۆر شوێنیتر دەنگی ئافرەتان بەکاردەهێنرێت وەك ئۆپراتۆری تەلەفۆنەکان، خەستەخانەکان لە کاتی بانگکردنی دکتۆر و .... وێستگەی شەمەندەفەر و مێترۆ و .... کە ئەمانە هەموی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە فەرمانبردنی مێشك بە دەنگی ئافرەت کە ئەوەیش بۆ گەورەیی دایك و یەکەم دەنگی بیستراوی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.



کتێبی (بۆمێژووی سەرۆک بارزانی لەدیدی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ و چالاکوانی بواری سیاسیدا

خەبات: تریفە ئازاد

کتێبی (بۆمێژوو..)ی جەنابی سەرۆك بارزانی، کە جگە لە زمانی کوردی، بە چەندزمانێکی تریش چاپ کراوە. کتێبەکەی (بە زمانی کوردی)،بەوپێیەی هەر لە 2020دا، دوو جار چاپ کراوە، بۆتە جێی بایەخ و سەرنجی نووسەران و خوێنەران، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە پەنجە لەسەر زۆر راستیی داندراوە، ئەو ڕاستییانەی کە پێویستبوو قسەیان لەبارەوە بکرێت. بەوپێیەی سەرۆك بارزانی سااڵنێکە لەناو ڕووداوەکاندایە ولە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەسەرهاتە، کە دوژمنانێکی گەلی کوردستان بە ئاڕەزووی خۆیان شێواندوویانە، بەداخەوە لە ناوخۆی کوردستانیشدا، لایەن و هەندێ میدیا، ئاویان لە ئاشی دوژمنان کرد و شاڵاوی میدیاییان بووە هۆی شێواندنی زۆرلەوراستییانەی کە باس نەکرابوون. بۆیە لەبەرگرنگیی کتێبی (بۆمێژوو)، خەبات بە پێویستیزانی ڕاو و بۆچوونی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ و چالاکانی بواریسیاسی وەربگرێت، کە لەم ڕاپۆرتەدا ئەوبۆچوونانە دەخوێندرێنەوە:

عەمید دێدەوان خورشید، بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی:

سەرۆک بارزانی لەم کتێبە دەقا و و دەق ڕاستیەکانی ڕابردوو ئێستای تێدا دەژین وەکو خۆ بە داتاو بەڵگە خستۆتەڕوو



گرینگترین سەرنج لەسەر کتێبی بۆ مێژوو

کتێبی بۆ مێژوو لە سەرەتای لاپەرەکانی تا دەگاتە شەڕی تیرۆرستانی داعش زۆر بە کورتی و بە پوختی مێژووی نەهامەتییەکانی چەند ساڵەی گەلی کوردستان تیایدا زۆر بە پوختی ئاماژەی پێدراوە، لە پەنجا لاپەرەی سەرەتادا کە جەنابی سەرۆك نووسیویەتی زۆر بە وردی و بە جوانی باسی لەو زوڵم زۆرە کراوە گە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، بە ڕوانینی خۆم بۆ هەرتاکێکی کورد لە ئێستا و ئایندەشدا بەرپرسە لەوەی کە وا لە نەوەکانمان بکەین گرنگی بەم کتێبە بەهاداره بدەن بۆ ئەوەی شارەزای نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان ببن، بۆ ئەمەش پێویست بەوە ناکات بچێت بە دوای کۆمەڵێك سەرچاوە بگەڕێت و بزانی گەلی کورد چی بەسەر هاتووە بەڵکو بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە زۆر شتت بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەزانی چ زوڵمێك لە میللەتی کورد کراوە ئاوێنەیەکی زۆر جوانی ڕابردووی مێژووی کوردی بۆ نەوەی ئێمە ئامادە کردووە کە سبەی نەشێوندرێت و خەڵکانێك نەتوانن جوانییەکان بشوێنن. کتێبەکە بە ڕوونی باسی لە تیرۆیستانی داعش و مەترسییەکانی کردووە من خۆم لە پێش نوسینی ئەم کتێبە لە خزمەت سەرۆك بارزانی بووین ئەم بابەتەی بۆ ئێمە باس کرد ئەوکات نووری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو لە کتێبەکەش ئاماژەی پێدەکات، لە موسڵ ئەم شانە نووستووەکان کە هی ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە بوون دواتر ناویان گۆڕی بۆ داعش ،جەنابی سەرۆك هەستی بە مەترسییەکان کردبوو و خوێندنەوەشی بۆ تەواوی ناوچەکە هەیە ، جەنابی سەرۆك لە شەڕی خواکورك جەنابیان کۆبوونەوەیەکی بە پێشمەرگەکان کرد بۆ پێشمەرگەکانی باس کرد کە دۆخ بەم شێوازە نامێنێت و گۆڕانکاری گەورە لەپێشە لە ناوچەکە ئەمە کە دوژمنانێکی گەلی کوردستان بە ئاڕەزووی خۆیان شێواندوویانە، بەداخەوە لە ناوخۆی کوردستانیشدا، لایەن و هەندێ میدیا، ئاویان لە ئاشی دوژمنان کرد و شاڵاوی میدیاییان بووە هۆی شێواندنی ڕۆڵەوراستییانەی کە باس نەکرابوون. بۆیە لەبەرگرنگیی کتێبی (بۆمێژوو)، خەبات بە پێویستیزانی ڕاو و بۆچوونی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ و چالاکانی بواریسیاسی وەربگرێت، کە لەم ڕاپۆرتەدا ئەوبۆچوونانە دەخوێندرێنەوە:

لە چوارچێوەی خولە ڕۆشنبیرییەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی گرینگی ئەوتۆمان بەکتێبی بۆ مێژوو داوە، وەک وانەیەک مامەڵەمان لەگەڵ کردووە

دۆکیۆمێنتی بۆ مێژوو

جەنابی سەرۆك کە باسی شەڕی داعش دەکات بە کورتی ئاماژەی پێداوە ڕۆڵی جەنابیان زۆر لەوە گەورەترە کە جەنابیان تۆماری کردووە من خۆم یەکێك بووم لە شاهێدحاڵەکانی شەڕی داعش، و جودی جەنابیان لە سەنگەرەکان زۆر زیاتر بوو ئەوکات لە میحوەڕی خازر من وەك پێشمەرگە لە ئەرکدا بووم و بەرپرسی عەمەلیات بووم لە هەموو هێرشەکانی شەڕی داعش کە دەکرا جەنابیان بەردەوام لەسەر هێڵ بوو، تا کۆتایی شەڕەکان بەردەوام دەبوو لە ڕێنماییەکانی و سەردانی سەنگەرەکانی دەکرد، لە هەموو ئۆپەراسیۆن و ڕووبەڕووبوونەوەکان خەمی گەورەی جەنابی سەرۆك بارزانی پاراستنی گیانی پێشمەرگە بوو هەوڵی دەدا کە پێشمەرگە کەمترین زیان بکات، لەسەرەتاکانی شەڕی داعش، پێشمەرگە چەکێکی وای نەبوو و بە چەکە کۆنەکانی خۆی بەرگری دەکرد و عێراقیش هیچ هاوکارییەکانی کوردستانی نەدەکرد، بەڵام پێشمەرگە بەردەوام بوو لە تێکشکاندنی داعش کە ببووە دێوەزمەی هەموو جیهان، جەنابی سەرۆك لە کتێبەکەیدا ڕۆڵی هاوپەیمان بەرز دەنرخێنێت بەڵام ئەم خاڵەی جەنابی سەرۆك لە کتێبەکە باسی لێوە کردووە دەڵێت (ڕاستە هاوپەیمانان بە فڕۆکە پشتیوانی پێشمەرگە بوون بەڵام ئەوەی کە خوێنی ڕژاند لەسەر زەوی و گیانی خۆی بەخشی ئەوە پێشمەرگە بوو بە خوێن و گیانی خۆی بەرگری کرد) لە شەڕی داعش ١٩٢١شەهیدمان داوە ئەگەر پێشمەرگە شەڕی نەکردبێت و بەرگری نەکردێت داعشی تێکنەشکاندبێت چۆن شەهید دەدرێت ئەگەر پێشمەرگە بەرگری نەکردبێت چۆن بە هەزاران بریندار و پەککەوتەمان دەبێت کە ئێستاش پێویستیان بە چارەسەر کردنە، ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ مێژوو و داهاتووش، ئەمانە هەمووی دەرخەری ڕاستیی توانا و بەرگری قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە ڕاستەخۆ سەرۆك بارزانی سەرپەرشتیی دەکرد.

کتێبی بۆ مێژوو وانەیەکی ڕۆژانەیە

ئێمە لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە چوارچێوەی خولە ڕۆشنبیرییە بەردەوامەکانمان گرنگییەکی ئەوتۆمان بە ناوەڕۆکی کتێبی بۆ مێژوو» داوە و بەردەوام زانیارییە گرنگەکانی نێو کتێبەکەمان بە ئەفسەر و پێشمەرگەکانمان گەیاندووە و وەك وانەیەك مامەڵەمان لەگەڵ کردووە، مەبەست لەمەش ئەوەیە هێزی پێشمەرگە زیاتر ڕاستی و دروستی و ناوەڕۆکی ڕووداوەکان بۆ ڕوونبێتەوە و بۆ نەوەکانی داهاتووشمان بگواستڕێتەوە،بەپێێ توانای خۆمان زانیارییەکانی نێو ئەم کتێبە دەگوازینەوە بۆ پێشمەرگەکان، پێشمەرگەکانیش زۆر بە خۆشحاڵیەوە سوود لەم کتێبە وەردەگرن، جەنابی سەرۆك کارێزمایەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر تاك بە تاکی پێشمەرگە کاتی شەڕی تیرۆرستانی داعش جەنابی سەرۆك دەهاتە سەنگەرەکان پێشمەرگە قارەمانەکان وەریان زیاتر بەرز دەبوو جەنابیان لە کتێبەکە زۆر بە ڕوونی باسی لە قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی هەموو بە دۆکیۆمێنت کراوە، بەشێکی تری کتێبەکە باس لە ڕووداوەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکات ئەمەش لە مێژووی کورد ڕۆژێکی شوومە چونکە ئەو شۆینانەی پێشمەرگە بە خوێن ئازادی کردن ئەوان ڕادەستیان کرد، ئەگەر بێت و باس لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بکەین دەبێت بگەڕێینەوە پێش ئەم ڕووداوە، شاری مووسڵ پایتەختی داعش بوو کە بڕیاردرا هێرێش بکرێتە سەری ئەوەی کە ئەوانەی شارەزای سەرابازیین دەزانن کە بەهێزترین هێڵ هێڵی بەرگرییە کە تۆ ئەم هێڵەت تێکشاند هێڵەکانی تر ئاسانتر دەبێت، هێڵی بەرگریی مووسڵ بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی تەنیا پێشمەرگە بوو هیچ هێزێکی تری لەگەڵ نەبوو لە سنووری خازر تێکشکێندرا کە تێکشکێندرا دەرگا کرایەوە بۆ هێزی عێراقی لەژێر سێبەری پێشمەرگە و پاڵپشتی پێشمەرگە داخیلی نێو شاری موسڵ بوون ، هەتا هێزە عێراقییەکانی داخیلی گۆڕگجەلیش بوون داعش هەر وای زانی پێشمەرگەن ،دواتر کە زانیان هێزە عێراقییەکانن، دەستیان بەشەڕ کردەوە چونکە توانای شەڕی پێشمەرگەیان نەمابوو هەموو دنیا ئەم ڕاستیە دەزانێت سەرۆك بارزانی بە ڕوونی باسی لێوە کردووە، حکوومەتی عێراق حەویجەی دواخست بۆ کۆتا شەڕ هەست بەم مەترسییە کرا لە لایەن جەنابی سەرۆك کە بەڵێ ئەمە پیلانێکە لەگەڵ ئەوەشدا حەویجە ناحیەیەك بوو کە پایتەختی داعش موسڵ شکستی هێنا، ناحیەیەك بمێنێتەوە پڕ بێت لە داعش دەبێت هێزی داعش لەوێ چی بێت؟ چی بتوانێت بکات؟بۆیە پێویستی بە کۆکردنەوەی ئەم هێزە گەورەیە نەبوو بۆ ئەوێ دواخرا بۆ کۆتا شەڕ جەنابی سەرۆك ئامادەی پێیدا کە ئەمە بۆ جەویجە نییە پیلانێکی تر لە ئارادایە ئەم پیلانە بۆ سەر کەرکووك و پێشمەرگەیە.

دوای ئەوەی ئەو هەموو شەهیدە لە پێناو کەرکووك و کوردستان درا و زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارەی عێراقی و سووری لە کوردستان نیشتەجێ کران کە دەیکردە ٢٥٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەمووی لەسەر شانی هەرێمی کوردستان بوو لەگەڵ ئەمانەشدا شەڕی تیرۆرستانی داعش پێشمەرگە کردی لەکاتێکدا عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی پارە نەدرا بە هەرێمی کوردستان یەك فیشەك لە حکوومەتی عێراقەوە نەدرا بە پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە شەڕی داعش ، جگە لەمەش ئەم پێداویستیانەی کە هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگەیان دابین دەکرد بەغدا کێشەیان دروست دەکرد، هەموو ئەمانە باسی لێوە کراوە لە کتێبەکە.

کەرکووك وکتێبی بۆ مێژوو

ئەگەر بەرگریی هێزی پێشمەرگە نەبوایە شاری کەرکووك وەك مووسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ شکستی دەهێنا یەك سەربازی عێراقی لە کەرکووك نە شەڕی کرد نە کوژرا ئەوە پێشمەرگە بوو کە کەرکووکی پاراست بەڵام بەداخەوە هەروەك جەنابی سەرۆك لە کتێبەکە باسی لێوە دەکات، بە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنێك توانیان درز بخەنە نێو شارەکە و بە خیانەت شارەکەیان فرۆشت بە ڕێککەوتنێکی نا تەندروست و نابەجێ خیانەتکار لە مێژوودا وەك چۆن سەرۆك بارانی لە کتێبەکە باسی لێوە دەکات توانیان کەرکووك لە دەستی پێشمەرگە دەربهێنن، سەبارەت بە ناوچەی شەنگال و زوومار کە زانرا پیلانێکی وا سادە نیە، خەڵکی ئێزدی داویان لە سەرۆك بارزانی کرد کە با نەهامەتییەکی تر بەسەر ئێمە نەیەت وەك شەڕی داعش بۆیە جەنابی سەرۆك بڕیاری دا کە پێشمەرگە بکشێتەوە جارێکی تر ماڵوێرانییەکی تر یەخەی برا کوردە ڕەسەنەکان نەبێتەوە وەك جەنابیان ئاماژەی پێداوە و لە کتێبەکە ئاماژەی پێدراوە شەری پردێ پێشمەرگە هەر بەم چەکە سادەیە بەرامبەر بە پێشکەوتووترین چەکی ئێستا لە جیهان هەیە وەستایەوە بەرامبەر بە دوو دەوڵەت دەوڵەتی ئێران و عێراق چونکە سەرکردەکانی ئێرانیش بەشدار بوون لەم هێرشەی بۆ سەر پردێ کرا دەیانویست بێن هەوڵێری پایەتەخت داگیر بکەن بۆ ئەم پیرۆزیە و کیانەی دروست بووە نەیهێڵن. کاتێك دێتە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەوڵەتە زلهێزەکان پەیوەندی و پەیانەکانیان لەبیر دەکەن، پێشمەرگە قوربانی دا و لەبری هەموو جیهان شەڕی داعشی کرد پێدانی تانکی ئابرامز بە هێزە عێراقییەکان بۆ ئەوە نەبوو خەڵکی وڵاتەکەی خۆتی پێ لەناو ببەن بەڵام ئەوان ئەو کارەشیان کرد لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە جەنابی سەرۆك بە هەموو دنیا دەڵێت ئیرادە لە تەکنەلۆژیا و چەك بەهێزترە پێشمەرگە چی هەبوو تا بتوانێت ئامبراز تێکبشکێنێت و شەڕی چەند سوپای چەند وڵاتێك بکات جگە لە وەی پۆڵایین و ئیرادەیەکی بەهێز، گەلێك سەرکردەیەکی بە ئیرادەی هەبێت بڕوای بە سەرکردەکەی هەبێت هەموو تەکنەلۆژیایەك تێکدەشکێنت ئەمەش لە پردێ سەلیمدرا.

کتێبەکە دەستی بردووە بۆ گشت بڕینەکان

پێویستە کتێبی بۆ مێژوو بکرێتە بە وانەی خوێندن بۆ قوناغەکانی خوێندن بۆ ئەوەی هەموو نەوەکانی ئێمە بزانن چی بەسەر ئەم میللەتەی ئێمە هاتووە کتێبێکە لە ڕووی سۆزەوە نەونوسراوە، نووسەر هەیە بۆ وڵاتەکەی خۆی شتێك دەنووسێ هەست و سۆز کاریگەری دەبێت بەسەریدا ئەمە وانییە جەنابی سەرۆك دەقا و دەق ڕاستیەکانی ڕابردوو ئێستای تێدا دەژین وەکو خۆی بە بەڵگە و داتا خستووەتە ڕوو. بڵاوکردنەوەی پوختەیەکی ناوەڕۆکی کتێبەکە ئێمە لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەردەوام خولمان هەیە بۆ ئەفسەر و پێشمەرگەکان لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە ئەرك و بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی منە دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی جەنابی سەرۆك سەبارەت بە مێژووی گەلی کورد زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێداوە بۆیە من بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات ئەویش ئەوەبوو پرسیم بۆ ئەو کتێبەکە نەکەم بە وانەیەك لە وانەکان بۆ خولەکان، هەڵساین لە نێو کتێبەکە چەندین تەوەرمان هەڵبژاردن و کردمان بە وانەیەك و دەیدەین بە پێشمەرگەکان و تاقیکردنەوەی لەسەر بکەن مەبەستیش لەم تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوەیە بزانین کە چۆن جەنابی سەرۆك ڕاستییەکانی باس کردووە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بۆ نەوەکانی دوای خۆی بگێڕێتەوە و شارەزای مێژووی گەلەکەمان بن هەر پێشمەرگەیەك کە شارەزای مێژووی وڵاتەکەی بوو ئیرادەی بەهێزتر و توانای زیاتری دەبێت، چونکە زۆر بە ڕوونی باسی لە مێژووی گەلەکەمان کردووە.

وون بوون

پسوولەی فەرمانگەی شارەوانی (٣) بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار بەناوی عبدالقادر مصطفی سلێمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ١٠٧٤/ب/٢٠٢٠/٤

رێکەوت/ ٢٠٢١/٦/٢٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (عامر محمد عبدالعزیز)

داواکار (رامی نوزاد سلیم/ المدیر المفوض لشرکة GRAND TECHNOLOGY/ سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ١٠٧٤/ ب/٢٠٢٠/٤ کە داواکەی لەسەرت تۆمارکردووە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٦/٨ دادگا بریاری پاشملەی دەرهەقت دەرکردووە لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت بەپابەندکردنت بەدانی ٨٠,٢٠٠,٠٠٠ دینار. لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ١٥٩ی گوڵان لە ٢٠٢٠/٩/٢٢ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە وە ئێوە مافی تانە و (اعتراض) و تێبەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەبڕیاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی دا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٢٥٩/ك/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠٢١/٥/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شیرزاد عبدالکریم شین)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٢٧٨/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سەروەت عبدالقادر سەایل)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٨٩ لە یاسای سزادان لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢١ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەری یەکەم

تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٨١/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد اسماعیل اوصمان)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٧٤/ك/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ایوب خضر خلف)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٢٠/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٥/٣١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ادریس احمد شیخ محمد)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٥/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٥/٣١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ظاهر حدو مدالله)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٢/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٥/٣١

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (بسام ناظم عساف و باسل ناظم عساف)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٩ لە یاسای سزادان لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەری یەکەم

تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٦٦/ك/٢٠٢٠

رێکەوت/ ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد شریف مشجل)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٣٥/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاسین حسین برایم)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٣٨٩ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٥/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٥/٣١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سەروەت عبدالقادر سەایل)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر / هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٩٩/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (بهنام امین ینکجه)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر / هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٢٤٧/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هەڤاڵ فیصل احمد)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٥ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٦٧/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هوشنگ حسین رشید)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر / هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٦/ك/٢٠٢١

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (مازن خضر عبدالله)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە لە لەرێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٨ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.

دادوەر / هیوا فرهاد صلاح

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر

ژمارە/١٤٨/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠٢١/٦/٢٢

بۆ کەفیلی هەڵاتوو/ زید اسامه عبدالامیر

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی یاسایی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢١/٩/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ کەنار طاهر قادر

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر

ژمارە:٦٨/ك/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢١

بۆ تۆمەتبار(هۆشمند جمال جلال)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لەیاسای بنەمای سزاییەکان دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا سزادراوی بە بەندکردن بۆ ماوەی سالێك و هەشت مانگ لەسەر سکاڵای دادخواز (کاوە بکر صالح فتاح) بەپێی مادە ٤٥٦ لە یاسای سزادان بەشێوەی پاشەملە.

دادوەر/ کەنار طاهر قادر

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/١٠٦/ت/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠٢١/٦/١٠

ئاگادارکردنەوەی سزا

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: زهراء هیاس حمد

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٠٦/ت/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٥ لەسەرت بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ٧ ژمارە ٨ی سالی ٢٠١١ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ یەکەمی رزگاری بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیێندرێت، مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣/ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم

گیلانی احمد محمد امین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢١/٢٠٤٣

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٩

ئاگاداری

بۆ/ شەهلە رفیق علی

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆی ئەم ئاگاداری بکاتەوە (قوتابخانە و باخچەی ساوایانی ئەهلی) بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/١٠٩٨٢) کەرتی (١٠٢)ی کەلار بە ڕووبەری (٤٠٢٦,٧٨)م٢ لە نزیك (مزگەوتی سەردار جاف) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە ڕێگەی ئەم بانگەوازە ئاشکرایەوە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکاتەوە کە زیاد بڕکێیەی ئاشکرا (مزایدة علنیة) ئەنجام دەدات بۆ بەکرێدانی شوێنێك بۆ (یاریگای تارتان) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/٦٩٧٥) کەرتی (١٠٢)ی کەلار بە ڕووبەری (٢٣٩٥,٦٥) م٢ لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هۆبەی یاسا و گرێبەستەکان بکات لە پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

مەرجەکانی بەشداربوون:

١- بەشداربوو بارمتەی یاسایی بە بڕی (٣٠٪) پارەی خەملێنراوی پێ بێت کە دەکاتە (٤,٣٧٣,٠٠٠) چوار ملیون و سێ سەدو حەفتاو سێ هەزار دینار.

٢- هەموو خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادبڕکێیەکەی بۆ دەردەچێت.

٣- کرێگرتە پابەند دەبێت بەرێنماییەکانی شارەوانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوە و بەشداربوو پێشتر دەتوانێت وێنەی لێ وەربگرێت.

٤- بەشداربوو پێویستە ڕۆژێك پێش زیادبرکێ بارمتەی یاسایی بدات بە شارەوانی.

اکرم صالح غفور

سەرۆکی شارەوانی کەلار

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار

گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٢٩٤٢

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٧

بانگەواز

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مالّ و مولّکی دەوڵەت بە ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢١) کارپێکراو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە ڕێگەی ئەم بانگەوازە ئاشکرایەوە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکاتەوە کە زیاد بڕکێیەی ئاشکرا (مزایدة علنیة) ئەنجام دەدات بۆ بەکرێدانی شوێنێك بۆ (یاریگای تارتان) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/٦٩٨٢) و (٥٤/٦٩٨٣) کەرتی (١٠٢)ی کەلار بە ڕووبەری (١٩٨٠)م٢ لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هۆبەی یاسا و گرێبەستەکان بکات لە پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

مەرجەکانی بەشداربوون:

١- بەشداربوو بارمتەی یاسایی بە بڕی (٣٠٪) پارەی خەملێنراوی پێ بێت کە دەکاتە (٤,١٩٨,٠٠٠) چوار ملیون و سەدو نەوەت و هەشت هەزار دینار.

٢- هەموو خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادبڕکێیەکەی بۆ دەردەچێت.

٣- کرێگرتە پابەند دەبێت بەرێنماییەکانی شارەوانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوە و بەشداربوو پێشتر دەتوانێت وێنەی لێ وەربگرێت.

٤- بەشداربوو پێویستە ڕۆژێك پێش زیادبرکێ بارمتەی یاسایی بدات بە شارەوانی.

اکرم صالح غفور

سەرۆکی شارەوانی کەلار

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار

گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٢٩٤٣

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٧

بانگەواز

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مالّ و مولّکی دەوڵەت بە ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢١) کارپێکراو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە ڕێگەی ئەم بانگەوازە ئاشکرایەوە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکاتەوە کە زیاد بڕکێیەی ئاشکرا (مزایدة علنیة) ئەنجام دەدات بۆ بەکرێدانی شوێنێك بۆ (یاریگای تارتان) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/٦٩٨٢) و (٥٤/٦٩٨٣) کەرتی (١٠٢)ی کەلار بە ڕووبەری (١٩٨٠)م٢ لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هۆبەی یاسا و گرێبەستەکان بکات لە پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

مەرجەکانی بەشداربوون:

١- بەشداربوو بارمتەی یاسایی بە بڕی (٣٠٪) پارەی خەملێنراوی پێ بێت کە دەکاتە (٤,١٩٨,٠٠٠) چوار ملیون و سەدو نەوەت و هەشت هەزار دینار.

٢- هەموو خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادبڕکێیەکەی بۆ دەردەچێت.

٣- کرێگرتە پابەند دەبێت بەرێنماییەکانی شارەوانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوە و بەشداربوو پێشتر دەتوانێت وێنەی لێ وەربگرێت.

٤- بەشداربوو پێویستە ڕۆژێك پێش زیادبرکێ بارمتەی یاسایی بدات بە شارەوانی.

اکرم صالح غفور

سەرۆکی شارەوانی کەلار

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار

گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٢٩٤٤

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٨

بانگەواز

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مالّ و مولّکی دەوڵەت بە ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢١) کارپێکراو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە ڕێگەی ئەم بانگەوازە ئاشکرایەوە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکاتەوە کە زیاد بڕکێیەی ئاشکرا (مزایدة علنیة) ئەنجام دەدات بۆ بەکرێدانی شوێنێك بۆ (یاریگای تارتان) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/٦٩٨٢) و (٥٤/٦٩٨٣) کەرتی (١٠٢)ی کەلار بە ڕووبەری (١٩٨٠)م٢ لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هۆبەی یاسا و گرێبەستەکان بکات لە پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

مەرجەکانی بەشداربوون:

١- بەشداربوو بارمتەی یاسایی بە بڕی (٥٠٪) پارەی خەملێنراوی پێ بێت کە دەکاتە (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار.

٢- هەموو خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادبڕکێیەکەی بۆ دەردەچێت.

٣- کرێگرتە پابەند دەبێت بەرێنماییەکانی شارەوانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوە و بەشداربوو پێشتر دەتوانێت وێنەی لێ وەربگرێت.

٤- بەشداربوو پێویستە ڕۆژێك پێش زیادبرکێ بارمتەی یاسایی بدات بە شارەوانی.

اکرم صالح غفور

سەرۆکی شارەوانی کەلار

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار

گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٢٩٤٧

رێکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٨

بانگەواز

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مالّ و مولّکی دەوڵەت بە ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢١) کارپێکراو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە ڕێگەی ئەم بانگەوازە ئاشکرایەوە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکاتەوە کە زیاد بڕکێیەی ئاشکرا (مزایدة علنیة) ئەنجام دەدات بۆ بەکرێدانی شوێنێك بۆ (یاریگای تارتان) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤/١٠٩٧٩) کەرتی (١٠٢) ی کەلار بە ڕووبەری (٤١٩٤,٦٤)م٢ لە تەنیشت (ستی ئای) جا هەرکەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هۆبەی یاسا و گرێبەستەکان بکات لە پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

مەرجەکانی بەشداربوون:

١- بەشداربوو بارمتەی یاسایی بە بڕی (٣٠٪) پارەی خەملێنراوی پێ بێت کە دەکاتە (٤,١٩٨,٠٠٠) چوار ملیون و سەدو نەوەت و هەشت هەزار دینار.

٢- هەموو خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادبڕکێیەکەی بۆ دەردەچێت.

٣- کرێگرتە پابەند دەبێت بەرێنماییەکانی شارەوانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوە و بەشداربوو پێشتر دەتوانێت وێنەی لێ وەربگرێت.

٤- بەشداربوو پێویستە ڕۆژێك پێش زیادبرکێ بارمتەی یاسایی بدات بە شارەوانی.

اکرم صالح غفور

سەرۆکی شارەوانی کەلار

دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/٤٦٠/ش/٢٠٢١
ریّکەفت/٢٠٢١/٦/٢٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (دیانا عبدالباری قرشە) ڤێ دادگەهێ ل ریّکەفتی ٢٠٢١/٦/٢٢ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (عبدو قرشە) بریاردا ب (لیك جوداببوون) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان .
دادوەر / زیرفان احمد حسین
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠٢١/١٥٨٦
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٨
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتیە جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠٢١/١٥٨٦) ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٦٠٨٥٢ هەولێر بارهەلگر) جۆری (مارسیدس فان ١ طن) مۆدێل (٢٠١١) قەرزار (اسماعیل جردیس رسول / شرکة حاجی اسماعیل خۆشناو) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (فرهاد حسن علی) کە بڕی (١٣,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢١/٦/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ماهر معین مصطفی) لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پیشەسازی باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پانزدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ بوتان کامیران میران
ئامێرەکان:
١ - ئامێری بڕینی ستونی ئیسفەنج بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل/ ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بە یەك ماتۆری کارەبای کاردەکات نرخ/١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری بڕینی پانی ئیسفەنج بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل/ ٢٠٢١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ بە سێ ماتۆری کارەبای کاردەکات نرخ/٣٠,٠٠٠,٠٠٠.
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٣١٥٣/ش/٢٠٢١/٣
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٨
ئاگادارکردنەوە
بۆ/ داوالێکراو (عبدالقادر شکر عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (خاتون احمد خضر) داوای ژمارە (٣١٥٣/ش/٢٠٢١/٣)ی لەم دادگایە دەرهەق بەتۆ تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتن-تفریق للهجر) دەکات. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتنتت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەڕەکی ١٥٩ی گولان-هەولێر) دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢١/٨/١٧) کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت، بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٤٤٠/ش/٢٠٢١/٣
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٩
ئاگادارکردنەوە
بۆ/ داوالێکراو (بختیار حمد محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بێگەرد دلزار عبدالرحمن) داوای ژمارە (٢٤٤٠/ش/٢٠٢١/٣)ی لەم دادگایە دەرهەق بەتۆ تۆمارکردووە، تیایدا داوای (جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتن-تفریق للهجر) دەکات. لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەڕەکی ١٥٩ی گولان-هەولێر) دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢١/٨/١٧) کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت، بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٤/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (فواز یوسف هرمز)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢١ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٩٠/ك/٢٠٢٠
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (فاخر مرعان محمد)
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٩٠/ك/٢٠٢٠ لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك سال بەشێوەی پاشملە غیابی بەپێی مادەی ٤٥٧ لە یاسای سزا بۆ هەریەکتان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێ ڕاگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەدەگرێت.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٢٢٩/ش/٢٠٢١
ریّکەفت/١٥/٦/٢٠٢١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (عدنان طاهر تمر) جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار (هیمان رمضان محمد) داخازێ تێدا دکەت ژ رابردو ویا بەردەوام (نفقە ماضیە ومستمرە لها ولاولادها) یا خو ویا زوارکا ناکام هەر ژ ئیك (لانا ل دایك بووی ٢٠١١/٨/١١ ومنیسا ل دایك بووی ٢٠١٢/٩/٥ هەر ژ روژا ٢٠١٧/٢٠٨ هەتا میژووی داواکردنی وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەها هەولێر کەمپا دارەشکران یا پنابەرین سوری ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییین روژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر دە ل سپیدەهیا روژا ٢٠٢١/٧/٢٧ ول بەروژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن .
دادوەر / فرهاد سلیمان حسن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٧٠٧/ ٢٠١٩
ریّکەوت/٢٠٢١/٦/٢٨
پێراگەیاندنی گلدانەوەی بەردەوامی سامانە گوێزراوەکان
بۆ / قەرزار (زمن جمعه مصطفی احمد)
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە لەریێ دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە پێتان ڕادەگەیەنین بریاردرا کە شوقەی ژمارە (٥٢٧) قاتی (٢) عیمارەی (C٣)لسەر (مۆلکێ) ژمارە (١٧٠٤/٩٥) کەرتی (٨٥/نزارکێ)ئێوە نیشانەی گلدانەوە لە سەر داینرێت لە باتی بری (٨٢٢٨٧٥٠)(هەشت ملیۆن ودوو سەد وبیست وهەشت هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار) قەرزی (مصلح یاسین قادر) پێویستە ئەو پارەیە لە ماوەی (١٠/ دە) ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندنتان بدەن دەنا سامانە گلدراوەکەتان بە پێ ی ئەم بریارە وپشت بە مادەی (٨٧) لە یاسای جێ بەجێ کردن دەفرۆشرێت .
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٢٢ /ش/ ٢٠٢١
ریّکەوتی / ٢٩ / ٦ / ٢٠٢١
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : اسماء حکمت ذنون
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٢٢ /ش/٢٠٢١) ل روژا (٢٠٢١/٦/٢٠) بکەتنا تەلاقا داواکاری (احمد یوسف کاتو) بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ژتە ژ روژا (٢٠٢١/٦/٢٠) و ژبەر نەیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ریّکا دوو روژنامییێ روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر/ دارا طاهر توفیق
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٠٣٠/ب/٢٠١٨
٧/دانانا دەستەسەریێ /٢٠١٩
ریّکەفت/٢٠٢١/٦/٢٤
ئاگەهداری
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١٠٣٠/ب/٢٠١٨ ریّکەفتی ٢٠١٩/٦/٩ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکیێ ل سەر پارچە زەفیێن ژمارە(١٠ و٢٠ و٢١ و٤١ و٤٤ و٥٨ و٩١ و١٠٢) کەرتی ٩٨ کرماوە سعید اغا ل دویف وان سالوخەتین خوارێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەفیێن نافبری ل سەر ئیك زێدەکرنا پرتەکا وێ را دبوریت وخزمەت گوزاریێن ئاف وکارەبا نینن .
٤- پارچا ژمارە(٤١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٢) دونم و(٢٠) اولك بهایێ وێ (٤٧٦٠٠٠٠٠) چل وحەفت ملیون وشەش سەد هزار دینار پارچە زەفی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا وپرتەکا کێم ل زستانا بن ئاف دبیت وبێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاف وکارەب وجادە نینن .
٥- پارچا ژمارە(٤٤) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٧) دونم و(١٧) اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٦١٧٠٠٠٠٠) سەد وشێست وئێك ملیون وحەفت سەد هزار دینار پارچە زەفی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا وێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاف وکارەب وجادە نینن .
٦- پارچا ژمارە(٥٨) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٤) دونم و(١٠) اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٠٣٨٧٠٠٠٠) سەد وسێ ملیون وهەشت سەد وحەفتێ هزار دینار پارچە زەفی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ل جاداگوندی وهندەك دارێن فیقی یێن لێ هەین وپرتەکا باخچەی دکەڤیتێ وێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وخزمەت گوزاریێن ئاف وکارەب نینن وئەڤ بهایە یێ ئەردی ب تنێ یە .
٧- پارچا ژمارە(٩١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١٢) دونم و(٩) اولك و(٧٥)م٢ بهایێ وێ (١٩٨٢٤٠٠٠٠) سەد ونوت هەشت ملیون ودوو سەد وچل هزار دینار پارچە زەفی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی سیحا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا وپرتەکا وێ دکەڤیتە دئاڤێ دا وێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاف وکارەب وجادە نینن .
٨- پارچا ژمارە(١٠٢) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١١) دونم و(٢٢) اولك بهایێ وێ (٥٩٤٠٠٠٠٠) پێنج سەد ونوت وچار ملیون دینار پارچە زەفی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا سەرەکی وجاندیە هندەك دارا وئاڤاهیەك ل سەر هاتیە ئاڤاکرن بوو خارنگەہ وکافی وێ کهاتیێن وێ وئەڤ بهایە یێ ئەردی بتنێ یە وخزمەت گوزاریێن ئاڤێ نینن .
القاضی / عزیز محمد سعید
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧١/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٦
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (حیدر عبدالحمید و ارشد عبدالحمید)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧٧/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سید ابوالفضل سید محمد رضا)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١٢ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧١/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (احمد خالید عبدالرزاق)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٠٢/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٥/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاقوس شیرین خاکی اکتر)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧٤/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سامان عبدالرحمن عبدالله)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧٣/ك/٢٠٢١
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (احمد عبدالحمید عبدالله)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان لە لە لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ کاتژمێر (٨:٣٠) بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
ب. بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٨٨٩
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (جوهرة أربیل) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبایی و میکانیکی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروار(٢٠٢١/٦/٢٩)
بڵند محمد مولود
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان


بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
ب. بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٧٩٣
ریّکەوت: ٢٠٢١/٦/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سنوردار)
پاڵپشت بەناوەرۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (DOVER AIR) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ریّکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (زید سعدی رسول) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروار: ٢٠٢١/٦/٢٨
بڵند محمد محمود
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (IMPACT CARE DIRECT) بۆ بازرگانی گشتی و بازارگێری/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر-زانیاری)
پاکتاوکار/ راستگۆ محمد علی
ناونیشان/ هەولێر/ زانیاری
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٥٧٢٤٢٥


ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (التتویج) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ محمد ازاد شهاب
ناونیشان/ هەولێر/ بەختیاری
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٣٢٥٦٢


ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (DOVER AIR) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر - برایەتی)
پاکتاوکار/ زید سعدی رسول
ناونیشان/ هەولێر/ برایەتی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٠٨٢٠

لەسەرۆکایەتی وەزیرانەوە بۆ حکوومەتی خۆجێیی کوردستان لە ئازەربایجان



کەمال نوری مەعروف





دەقی بەڵگەنامەکە بەکوردی

حکومەتی بەڕێزی کوردستان

تەلگرافی ژمارە ١٢٢ گەیشت، وەڵامی ئێوە بۆ مۆڵەت، وەرگرتن بڕیاردان لەسەری تەواو بووە. بەڵام بەپێی یاسای گشتی، شێخ مەحموود تەنیا دەتوانێ وەك پەنابەر بێتە ناو خاکی ئێرانەوە. هەروەها چەکی خۆی و کەسە نزیکەکانی تەسلیم بکات، گەر وابکات پەنابەرییەکەی دەستەبەر دەکرێت و بەنیسبەت سنووری پەنابەریەکەیەوە ئاسانکاری بۆ دەکرێت.

کۆپی بەڵگەنامەکە بە فارسی

راوبۆچوونمان لەسەر بەڵگەنامەکە:

ئەم بەڵگەنامەیە، بۆ رۆژگاری دەسەڵاتی (ئەحمەد شای قاجاری) دەگەڕێتەوە، بەڵگەکەیش لە ئەرشیفی ئێرانیدا ژمارە (٨٨)ی پێدراوە. قەوالەکە، نامەیەکە لە سەرۆکایەتی وەزیرانەوە بۆ حکوومەتی بەڕێزی کوردستان نێردراوە، و مێژووەکەی بۆ (١٣٠٢)ی هەتاوی، ١٩٢٣/٦/١٢ دەگەڕێتەوە، بابەتەکەی مەرجەکانی دەولەتە بۆ بەخشینی پەنابەری بە شێخ مەحموود.

لەسەرەتای بەڵگەکەدا هاتووە: (تەلگرافی ژمارە «١٢٢» گەیشت، وەڵامی ئێوە بۆ مۆڵەت وەرگرتن تەواو بووە).

بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە ئەوە دەبینمەوە، رازی نەبوون بە وەرگرتنی لایەنگرانی شێخ لەو سەرو بەندەدا. ئەو قایل نەبوونەیش بۆ دوو ئەگەر دەگەڕێنمەوە: یەکەمیان، پێدەچێت پەیوەستبێت بە فشارێکی زۆری ئینگلیز بۆ سەر دەسەڵاتی پادشایەتی ئێرانی، بەناوی دوورخستنەوەی لایەنگرانی شێخ لەو سنوورەدا، چونکە پێدەچێت لەوە ترسا بن، ئەگەر بەقسەیان نەکەن ئاژاوەیان بۆ بنێنەوە، وەکو هاوشێوەی بابەتەکەی شێخ خەزعەل)، یاوەکو هەستانیان بەپشتگیری کوردەکانی رۆژهەڵات، بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاك لەو ناوچەیەدا، ئەوەش بۆ ئەو رۆژگارەی ئێران، قورس کەوتووە لەسەری لەڕووە جیاجیاکانەوە.

دووهەمیان، کە لە ئەگەری یەکەم رووداني نزیکترە، ئینگلیزەکان لە رەزا شای مازندەرانی نزیك بینەوە، بۆ یارمەتیدانی، تا جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەناوی تاوەکو ئێرانێکی یەکگرتوو، و بەهێز دروست بکات، بۆ خزمەتی مەرامی سیاسی خۆی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوە لە بەشەکانی ناو وڵاتەکەدا، لەوانە دژایەتیکردنیان بۆ کوردی باشوور و قەدەغەکردنیان، بۆ هاتنە ناو سنووری کوردی رۆژهەڵات لە ئێراندا.

وا دیارە، بۆ ئەگەری دووەم، پێدەچێ بۆچوونەکەمان لەشوێنی خۆیدا بێت، لەوانەیە ئەو هەڵوێستەی ئینگلیز پەیوەستبێت بە گۆڕانکارییەکی نوێوە، لەمەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتی رۆژگارەکەدا، بەهۆی ئەوەی تورکیای کەمالی بەرەو سەقامگیری و دامەزراندن چووە لەچوارچێوەی کۆمارێکی نوێدا، دوای پەیانی لۆزان.

لەوەش زیاتر لەوانەیە ئینگلیزیش لەو هەوڵەیدا و یستبێتی، چارەنووسی ئێرانیش بەو لایەدا بخاتەوە، لەبوونی پیاوی بەهێزی وەکو رەزای مازندەرانی.

ئەمانە ئەگەرن و قسەی ئینگلیزیش، یان (رێویە پیرەکە)، بۆ ئەو رۆژگارە ناسەقامگیرە، و بایەخ و سەنگی خۆی بووە لە ناوچەکەدا.


جارێکیتر گەرانەوە، بۆ بەڵگەنامەکە و قسەکردن لەسەری، دەمانباتەوە بۆ بڕگەیەکی تری کە تێیدا هاتووە: (... بەپێی یاسای گشتیی، شێخ مەحموود، تەنیا دەتوانێ، وەك پەنابەر، بێتە ناو خاکی ئێرانەوە) ئەوەی لێرەدا هاتووە گوایە شێخ مەحموود هەر خۆی بەتەنیا، وەك پەنابەرێك دەتوانێت بچێتە ناو خاکی ئێران، هەرچەندە یەکی قورسە، ئەگەر لەپشتییەوە دەستێك نەبووبێت، بۆ وەرگرتنی ئەو هەڵوێستە و دیاریکردنی رێگای چارەسەر و دووركەوتنەوەیان لە کێشەی کوردی باشوور، ئاوا، بەوجۆرە نەدەکەوتنە ناو ململانێیەکی سیاسییەوە، بەرامبەر بە شێخ مەحموود، ئەو هەڵوێستەیان بەوشێوەیە دیاری بکەن. لەوانەشە ئەو رێگا گرتنەیان پەیوەندییان بەگۆڕانکارییەکی سیاسییەوە هەبێت لەناو ئێراندا بۆ گۆڕینی دەسەڵات، بەوشێوەیەی ئینگلیز لێی رازی بێت. دەنا ئەگەر وانەبێت، هێشتا رۆژگارەکە ماوێتی و شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیش لە گوڕو تینداییە و چۆن داوای پەنابەری دەکات و رازیدەبێت لایەنگران و لەشکرەکەی لێی دووربکەونەوە، و خۆشی ببێتە دێوانەی تەکیەکانی دەرووێشی ئێرانی.

لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە: (.. داوا لە شێخ دەکات چەکی خۆی و نزیکەکانی تەسلیم بکات)، وا دیارە ئەم داوایەی رژێمی ئێرانی، بەپەنجەی ئینگلیز جوولەی پێکرا بێت، ئەوەیش بەلای منەوە زیاتر پەیوەستە بە سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی پادشایەتی لەعێراقدا، و لەلایەکی تریشەوە زیاتر خۆیان لە ئینگلیز نزیك بخەنەوە، بۆ گەرانەوەی هێمنیی و متمانەیی و ئاساییش بۆ وڵاتەکەیان.

جارێکیتر لەدوا دێڕی بەڵگەکەدا هاتووە: (ئەگەر شێخ مەحموود بەپێی داخوازی نامەکە بجوولێتەوە، پەنابەرییەکەی دەستەبەر دەکرێت و لە سنووری پەنابەرییەکەیەوە، ئاسانکاری بۆ دەکرێت).

ئەم داوایە لەکاتێکدایە، کە هێشتا دنیای رۆژگارەکە، تەواو رووناك نەبۆتەوە، کە بزانن تەرازووی سیاسەت بە چ لایەکدا دەشکێتەوە و ئەستێرەی کام لایان لە ئاسمانا هەڵدێت.







شرۆڤەیەک بۆ پرۆژەی شامی نوێ



فەتحی مەلا عەلی

ناسەقامگیرترین شوێن لەسەر نەخشەی جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بە هەموو پێوەرێک و لەسەر ئەرزی واقیع ئەو ناوچەیە بووەتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمی و جیهانیەکان و خولقاندنی کێشەی تر. هەر لە دەستپێکی جەنگی دووەمی کەنداودا، واتە جەنگی ڕزگارکردنی کوێت لەژێر دەستی سوپای عیراقی لە ساڵی ١٩٩٠ ، پێشهاتە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانیەکان گشتیان بەو ئاراستە دەڕۆیشتن کە جیهان بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عیراق بە شێوەیەکی تایبەت گۆڕانکاری گەورە بەخۆوە ببینێ ، ئەو پێشبینیە و هێڵی سیاسی و ئاسایشی وەک نەخشە ڕێگا بووە ئەجیندای ئەمریکا و ناتۆ لە کاتێکدا یەکەم سیگنالی پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) لەلایەن جۆرج بوشی باوک ڕاگەیەنرا و تیمی پسپۆر و بودجەی بۆ تەرخان کرا .ڕووداوەکانی تر لە دوای ئەو جەنگە لە ناوچەکە وەک (کاردانەوە) کاریگەری نەخوازراوی بەدوای خۆیدا هێنا بەتایبەت سەرهەڵدانی قاعیدە لە دوای کۆتایی هاتنی ڕژێمی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عیراقی و بە دەیان یەکەی ڕاهێنراو بە پلەی جیا جیا خۆیان لەنێو قاعیدە دیتەوە پاشان وەک منداڵە ناشەرعیەکەی نێوان(قاعیدە و بەعسیەکان) دروستبوونی داعش . دوای زیاتر لە ١٧ساڵ و عیراقێکی ماندوو و ناسەقامگیر وا ئێستا حکومەتی کاتی عیراقی ویستی ئەوەی هەیە بە تێکڕای ململانێ و کێشەکاندا بچێتەوە ،بە واتایەکی تر، گۆڕانکاری لە سیستەمی یاریەکەدا بکات.

پرسیار لەوەدایە : تا چ ڕادەیەک هەوڵی کازمی سەرکەوتوو دەبێت؟لە سێیەم گەڕی دیداری سەرۆکەکانی عیراق و ئەردەن و میسر بە مەبەستی دروستکردنی پردێکی ئابووری و لەیەکگەیشتنێکی سیاسی و هەر زوو کازمی پرۆژەیەکی ڕاگەیاند بە ناوی شامی نوێ ؟!(شامی نوێ وەک بیرۆکە و پرۆژە وەک کۆپی پرۆژەی یەکێتی ئەورپایە) بە بڕوای سەرۆک وەزیرانی عیراقی، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەتوانێت ژینگەیەکی بەهێزی ئابووری بۆ ناوچەکە دروست بکات ، بەڵام لە ڕوانگە سیاسی و ئاسایش خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت . بە واتایەکی تر ، لە ڕوانگە سیاسیەکەوە هەڵسان بە دروستکردنی(هیلالی سوننی) وەک هێزێکی سیاسی و جەماوەری زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن کەس بەرامبەر ئەگەرەکانی ململانێ و پێکدادان لە مەودای درێژخایەن زیاتر دەکەن . بە پێوەری ستراتیجیەتی هەژمونگەرایی و سەپاندنی هێز لەلایەن خاوەن موبادەرە و بڕیاری یەککلاکەرەوە لەسەر وڵاتانی بچوک و ناسەقامگیر و ئابووری خراپ هەڵبەتە هەر نزیکبوونەوەیەکی عیراق لە قەوارەی عەرەبی مانای ئەوەیە کە دووركەوتنەوەیە لە دوو زلهێزی ناوچەکە کە ئێران و تورکیان و ناڕاستەوخۆ ئەو دوو هێزە تواناکانیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی هێزێکی عەرەبی لەو ناوچەیە دروست نەبێت و هاوسەنگی لە ستراتیجیەتی ئەو دوو وڵاتە نەشێوێندرێت و بە ئەزمون و بنەما و سروشتی ململانێیەکان دەبێت قەیران و کێشەکان بەردەوامی هەبێت کە لە دەرئەنجامدا ئەو وڵاتانە هەردەم لەژێر کاریگەری ئەو زلهێزانە بێت .

هەر پرۆژەیەکی سیاسی –ئابووری بێگومان سوود و زیانی لەگەڵدا دەبێت و خاوەن بڕیاری سیاسی ئەو لێکدانەوەیە ئەنجام دەدەن بۆ زانینی ڕێژەی قازانج و زیانەکان. شرۆڤەکردنی پرۆژەی شامی نوێ بۆ عیراق وەک حکومەت و دەوڵەت و نیشتمان لە سێ خاڵدا بەرجەستە دەبێت:

١- دوورکەوتنەوە لە کاریگەریەکانی ئێران لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عیراق بەڵام ئەو تێڕوانینە بێگومان دووچاری شکستێەکی گەورە دەبێت ، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی عیراقەوە و تورکیا لە باکوور بە هیچ شێوەیەك دەرفەت بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە نادەن لەبەرئەوەی ئەوەی هەردوو وڵات نە لە لایەنی ئابووریەوە نە لایەنی سیاسیەوە قازانج ناکەن .

٢- ئەو هەنگاوەی کازمی تا ڕادەیەك وەك قۆناغی یەکەم بەدواگەڕانە بۆ دروستکردنەوەی عیراقێکی بەهێز کە ++بتوانی بە فیعلی بچێتە نێو شەراکەتی سەربازی و ئابووری ئەوەش بە ڕەزامەندی سعودیە و کەنداوە و لە ماوەی داهاتوودا لەکاتی سەرکەوتنی یەکەم هەنگاوی پرۆژەکە وڵاتانی تر داخڵی پرۆسەکە بن سوودەکەشی لە مەودای نزیك بۆ عیراقە بە هێنانی وەبەرهێنان و دراوی ئەو وڵاتانە بۆ عیراق لە کاتێکدا ئابووری عیراق دووچاری گرفتی گەورە بووەتەوە .

٣- مانۆرە سیاسییەکەی کازمی لەوەدایە کە دەنگی کورد و سوننە و وڵاتانی عەرەبی وەدەست بێنێ لە هەڵبژاردنی داهاتووی عیراق بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران ، ئەو هەنگاوەی بەڕێز کازمی بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە وا نیشانیان بدات کە ئەو تەنها کاندیدی بێ ڕکابەرە بۆ ئەو پۆستە لە کاتێکدا بەڕێزیان وەك پاڵپشتی سیاسی جەماوەری هیچ پارتێکی شیعی و عیراقی بە تەواوی پشتگیری ناکەن .


ئەو پرۆژەیەش ، پرۆژەی شامی نوێ پێویستی بە فاکتەری بەهێزە لە ناوەوەی عیراق و دەرەوەی عیراق هاوکات هەردوو وڵات لە ڕووی سیاسی سەقامگیری ئابووری بە بەراوردکردن لەگەڵ عیراق ئەو دوو وڵاتە تواناکانیان لە چەندین بوارەوە لە عیراق زیاترە .

پۆلیسی ئەڵمانیا زانایەکی ڕووسی دەستگیر کرد

لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیا ، پۆلیسی ئەم وڵاتە زانایەکی ڕووسی بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ مۆسکۆ دەستگیر کرد ، ئەمەش دوور نیە بێتە مایەی خولقاندنی تەنگژەیەکی دیکە لە نێوان هەردووك وڵاتدا .لەو بارەوە پۆلیسی فیدرالی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کەسی دەستگیرکراو ناوی ئیلنور ئینە و لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 2020 بە تۆمەتی کارکردن بۆ بەرژەوەندی دەزگای هەواڵگری ڕووسیا دەستگیر کراوە. ناوبراو وەك یاریدەدەری توێژەر لە بواری زانستە سرووشتیەکان و تەکنۆلۆژیا لە زانکۆیەکی ئەڵمانیا کاری کردووە و لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی 2020 هەتا حوزەیرانی 2021 لانی کەم سێ جار چاوی بە چەند کەسێکی سەر بە دەزگای هەواڵگری ڕووسیا کەوتووە و زانیاری سەبارەت بە ئەرك و کارەکانی ناو زانکۆکەی بەوان داوە و لە بەرامبەردا پارەی وەرگرتووە . لە بەرامبەردا تا ئێستا حکومەتی ڕووسیا هیچ لێدوانێکی لەو بارەوە ڕانەگەیاندووە .


مانشێت

دۆچەی ڤیلە:



لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ڕێژۆڤین ڕڤلینی سەرۆکی ئیسرائیل ، جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند بە هەموو شێوەیەك پشتی ئیسرائیل دەگرێ و تا ئەو لە دەسەڵات بێ ، ڕێگە نادرێ ئێران بێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و ڕووبەڕووی هەوڵەکانی ئێران بۆ شێواندنی بارودۆخی ناوچەکە دەبنەوە .

ئۆبزێرڤەر:



بەرەی ڕزگاریخوازی تیگرای هەواڵی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری میکلی پایتەختی هەرێمەکەی ڕاگەیاند و حکومەتی ئەسیوپیاش داوای ئاگربەستی کرد . لەو بارەوە وتەبێژی بەرەی ناوبراو لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئاژانسی ڕۆیتەرز دووپاتی کردەوە کە هێزەکانیان لە هێرشێکی کتوپڕدا دەستیان بەسەر پایتەختی هەرێمی تیگرایدا گرتۆتەوە و هێزەکانی سەر بە حکومەتیش لە ناوچەکە کشاونەتەوە.

ئێندیپێندێنت:

هەریەکە لە ڕووسیا و چین بڕیاریان دا پەیاننامەی دۆستایەتی نێوانیان بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە درێژ بکەنەوە ، لەو بارەوە سەرۆکی چین وتی : ئێستا جیهان چۆتە نێو قۆناغێکی پڕ لە ناسەقامگیری و پشێوی و مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی چەندن مەترسی دەبێتەوە ، بۆیە پێیان وایە هاوکاری پتەوی نێوان ڕووسیا و چین وزەیەکی ئەرێنی بە گرووپی نێودەوڵەتی دەبەخشێ.

ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لە دواییین کۆبوونەوەیدا لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا، هەر 83 ئەندامەکەی هاوپەیانی نێودەوڵەتی تایبەت بە لەناوبردنی داعش ڕایانگەیاند کە بەردەوام دەبن لەسەر شەڕکردن لە دژی ڕێکخراوی داعش ، بە تایبەتیش لە قۆناغی ئێستادا کە خەریکە مەترسی داعش لە کیشوەری ئەفریقیا ڕوو لە زیادبوون دەکات ، هەروەها چەند وڵاتێکی نوێی وەك کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست و کۆنگۆ و مۆریتانیا و یەمەن بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوەکە.

سکای نیوز:

دوای خۆپیشاندان و پێکدادانی توند لە نێوان پۆلیسی سوازیلاند و چەندین هەزار کەس لە لایەنگرانی دیموکراسی و تێکچوونی بارودۆخی وڵات ، ژمارەیەك لە میدیا جیهانیەکان ڕایانگەیاند دوای دەرچوونی بارودۆخ لە کۆنترۆلکردن ، مسواتی سێیەمی پادشای وڵات خۆی ون کردووە و کەس نازانێ ئاخۆ ی وڵاتی بەجێ هێشتووە یان نا.



رۆنالْدۆ دوای دۆڕانیان چی بە کۆرتوا گوت؟

کریستیانۆ رۆنالْدۆ لەدوای دۆڕانەکەیان بەرامبەر بەلجیکا قسەی لەگەڵ تیبۆ کۆرتوا کردووە و هۆکاری دۆڕانەکەیانی ئاشکراکردووە.

کەناڵی ESPNی ئەمریکی رایگەیاندووە کریستیانۆ رۆنالْدۆ دوای کرانە دەرەوەیان لە یۆرۆ چووەتە لای تیبۆ کۆرتوا و پێی گوتووە "ئەمشەو ئێوە بەختتان هەبوو، وایە؟ تۆپ نەیدەویست بچێتە ناو گۆڵ، بەخت یاوەرتان بوو، بەهیوای بەختێکی باش".

کریستیانۆ رۆنالْدۆ و هاوڕێیەکانی وەکو پاڵەوانی یۆرۆ بەشداریی پاڵەوانێتییەکەیان کردبوو بەڵام بۆیەکەمجار لە مێژوودا پرتوگال نەیتوانی بگاتە قۆناخی چارەکی کۆتایی یۆرۆ.

لە یارییەکەی پرتوگال و بەلجیکا، کریستیانۆ رۆنالْدۆ و هاوڕێکانی 24 شووتیان ئاراستەی گۆڵی بەلجیکا کرد بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ گۆڵێک بکەن، کەچی بەلجیکا تەنیا شەش شووتی ئاراستەی گۆڵ کرد و یەک شووتی بۆ ناو گۆڵ بوو ئەویش بە پێی تۆرگان هازارد بووە گۆڵ و بەلجیکا بە گۆڵێکی بێبەرامبەر بردنەوەی بەدەستهێنا.



دێمبلی 120 رۆژ لە یاریکردن دادەبڕێت

عوسمان دێمبلی هێرشبەری بەتشلۆنەی ئیسپانیا، چەند رۆژێک پێش ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا، لە یارییەکانی یۆرۆ2020 تووشی پێکان بوو، هەر بەو هۆیەوە راستەوخۆ گەڕایەوە بارساو، نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا و ماوەی دوور کەوتنەوەی راگەیاندرا.

بەرشلۆنە لە راگەیاندراوێک بەفەرمی بڵاویکردەوە، عوسمان دێمبلی لە شاری تورکوی فیلەندا، بەسەر پەرشتی دکتۆر لاس لومبین، نەشتەرگەرییەکی بە سەرکەوتوویی لە قاچی راستی بۆ ئەنجامدرا، کە لە هەمان شوێنی پێکانی پێشووی بووە، هەر بەوهۆیەوە هەمان ستافی پزیشکی کارەکەیان ئەنجامدایەوە.

بارسا و سەرچاوەکانی نزیک لە یانەکە بڵاویانکردووەتەوە، دێمبلی پێویستی بە چوار مانگ دەبێت، تاوەکو بە تەواوی لە پێکانەکەی چاک دەبێتەوە و دووبارە بەشێوەیەکی ئاسایی دەست بە راهێنانەکان دەکاتەوە.

ڤاران: دەبێت سەربەرز بین، داهاتوو ئامانجمانە





ڕافائێل ڤاران بەرگریکاری فەرەنسا دوای هاتنە دەرەوەی لەخولی دووەمی یۆرۆی 2020 دا بەدۆڕاندنیان بەرامبەر سویسرا زۆر بێ ئومێد بوو .

ڤاریَن بە کەناڵی TF1 ی فەرەنسی گوت « ئەوە نائومێدییەکی گەورەیە ، نیوەی یەکەمان بەتەواوی دۆڕاند، بەڵام لەچرکەساتی دووەمدا بەتوندی هاتینەوە ، بەڵام بۆشایی زۆرمان بۆ بە جێهێشتن ، شکستهان هێنا لەبەرێوەبردنی ساتە یەکلاکەرەوەکان و زاڵبوون بەسەر لاوازییەکانماندا «.

ئەو یاریزانەی ڕیاڵ مەدرید ئەوەشی وت:»لە ژووری خۆگۆڕین قسەمان کرد و تەواو بێهیوا بووین، چونکە نمایشەکەمان دۆڕاند».

لێدانی سزاکان وەک یاری تیروپشک وایە، توانیومان لە کاتی زیادکراودا گۆڵ بکەین، کە زیاتر لە یەک چانسمان هەبوو».

وتیشی:»ئێمە تیمێکی خاوەن عەقڵیەتی باشمان هەیە، دەبێت سەرمان بەرز رابگرین، کەشی ناو ژووری خۆگۆڕین ئارام بکەینەوە و سەرنج لە ئامانجەکانی داهاتوومان بکەین».

سیبایۆس لە ریال بیتس نزیک بۆتەوە

دانی سێبایۆس، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئیسپانی لە جێهێشتنی ریزەکانی یانەی ریال مەدرید نزیک بووەتەوە و دەستەوارەیەکی یانەی میلانی ئیتالیشی ڕەتکردووەتەوە.

ڕۆژنامەکان لە ئیسپانیا، دووپاتیانکردەوە سێبایۆس کە وەرزی ڕابردوو بەشێوەی خواستن لە یانەی ئەرسنال یاری کردووە، لەسەر دوای کارلۆ ئەنچیلۆتی ریزەکانی یانەی شاهانە جێدەهێڵێت، لەبەرئەوەی ئەو ڕاهێنەرە ئیتالییە متمانەی بە تواناکانی ئەو یاریزانە نییە و پێشتی پێنابەستێت.

ئەو سەرچاوانە ئاماژەی بۆ دەکەن، سێبایۆس لە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یانەی ریال بێتیس نزیکبووەتەوە و دەڵێن یانەکە پێیباشە یاریزانەکە بفرۆشێت، چونکە بەلای کەمەوە بڕی 30 ملیۆن یۆرۆ دەخاتە نێو گەنجینەی ریال مەدرید.

یانەی میلانی ئیتالی هەوڵیدا گرێبەست لەگەڵ دانی سیبایۆس واژۆ بکات ، بەڵام ئارەزووی یاریزانەکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئیسپانیا و لالیگا وایکرد سێبایۆس ڕوو لە ریال بێتیس بکات و میلان ڕەتبکاتەوە.

دانی سێبایۆس، لە دوو وەرزی ڕابردوودا بەشێوەی خواستن یاریی بۆ ئارسینالْ کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی متمانەی ڕاهێنەری یانە لەندەنییەکە، بۆیە بڕیاری کڕینی یەکجاری گرێبەستی یاریزانەکەی نەدا.

هەڤاڵ جەلال ئەحمەد




هەولێر میواندارى پاڵەوانێتییەکى شەترەنجى عێراق دەکات

ڕۆژى دووشەممەى ڕابردوو، لە دیوانى بەڕێوەبەرایەتى گشتى وەرزش، دکتۆر شاکر ئەحمد سمۆ بەڕێوەبەرى گشتى وەرزش پێشوازى لە د. دڵزار حەمەسالح سەرۆکى یانەى شەترەنجى خانزاد کرد، لە کۆبونەوەکەدا سەۆکى یانەى خانزاد باسى لە کردنەوەى پاڵەوانەتییەك لە سەر ئاستى عێراق بۆ کچان و کوڕان کرد، کە بۆ ئاستى تەمەنەکان بڕیارە بەڕێوەبچێت، هەروەها سەرۆکى یانەى شەترەنجى خانزاد ئامادەى بەوەکرد نزیکەى (100) یاریزان و ئارەزوومەند بەشدارى ئەم پاڵەوانێتییە دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەپێناو سەرکەوتنى پاڵەوانێتییەکە داواى کرد بەڕێوەبەرایەتى گشتى وەرزش هاوکارى و ئاسانکاریان بۆ میوانداری کردنى بکات.

هەر لەو دیدارەدا د. شاکر ئەحمەد سمۆ بەڕێوەبەرى گشتى وەرزش خۆشحاڵى خۆى بۆ میوانداری کردنى پاڵەوانێتییەکى لەمشێوەیە دەربڕى و لەهەمان کاتیش ڕایگەیاند کە ئەرکى دارایى پاڵەوانەتییەکە لە ئەستۆدەگرن و ئامادەیى هەموو ئاسانکارییەکى کرد لەپێناو سەرکەوتنى پاڵەوانێتییەکە لەشارى هەولیر.

جێى باسە بڕیارە پاڵەوانێتى شەترەنجى خوارتەمەنکانى عێراق (6،8،10،12،14) لە 7ى مانگى تەممووز بەمیواندارى یانەى شەترەنجى خانزاد و بە چاودێرى دکتۆر شاکر ئەحمەد سمۆ بەڕێوەبەرى گشتى وەرزش بەڕێوە بچێت

میلان یاریزانێکى ریاڵ مەدریدى دەوێت



لەگەڵ نزیکبوونەوەى یانەى ئەى سى میلان لە دووبارە گواستنەوەى برایم دیاز بەشێوەى خواستن و لەگەڵ بوونى بڕگەى کڕینەوەى یەکجارى لە ریال مەدرید ئەمجارە یانە ئیتالییەکە دەیەوێت لۆکا یۆڤیچیش بەهەمان شێوە بۆ ڕیزەکانى بگوازێتەوە.

بەگوێرەى میدیاکانى ئیتالیا ئەى سى میلان دەیەوێت لۆکا یۆڤیچ هێرشبەرى سڕبى ریال مەدرید لەم هاوینە بە خواستن و بوونى بڕگەى یەکجارى بۆ ڕیزەکانى بگوازێتەوە، سەرەتا ڕیال مەدرید بەم داواکارییەى میلان ڕازى نەبوو لەبەر ئەوەى یانە ئیسپانییەکە دەیەویست یۆڤیچ بە پارەى نەخت بفرۆشێت و نەچێتە خواستنەوە، بەڵام بەهۆى نەبوونى داواکارى زۆر لەسەر یاریزانە سڕبیەکە ریال مەدرید ڕازى بووە یۆڤیچ بۆ سێریا ئەى بڕوات.

جێى ئاماژەیە، پارسااڵ زێدانى ڕاهێنەر یاریزانە سڕبیەکەى لە نێو پلانەکانى دور خستەوە، لەبەر ئەم هۆکارەش یاریزانەکە لە تاقیکردنەوەیەکى کورتدا بەخواستن پەیوەندى بە یانەى فرانکفۆرت کردەوە



مان سیتى و بایرن و سان جێرمان لە دەرگاى ڕامۆس دەدەن

هەواڵەکان باڵاویان کردەوە کە سێ یانەى ئەورووپى لەسەر ڕاوکردنى ڕامۆسى ئیسپانى شەڕیانە.

ڕامۆس دواى 16 وەرز یارى کردن لە هاوینى ئەمساڵ بڕیارە کە گەڵ ڕیال مەدرید کۆتایى دێت، بۆ ئەمەش سێ یانەى ئەورووپى لەسەر هێڵن بۆ ئەوەى ئەو یاریزانە ڕازى بکەن یاریبان بۆ بکات.

بەگوێرەى هەواڵەکانیشەوە هەریەك لەیانەکانى مانچستەر سیتى و بایرن میونشن و پاریس سان جێرمان لەدەرگاى ئەو یاریزانەیان داوە، یانە ئینگلیزییەکە ئامادەیە بۆ دوو وەرز لەگەڵ ڕامۆس ڕێکبکەوێ و لەگەڵ ئەگەرى دڕێژکردنەوەى بڕیارەکەى بۆ وەرزێکى دیکە، بەڵام تا ئێستا ڕامۆسى تەمەن 35 ساڵ هیچ لێدوانێکى لەبارەى ئەم دەستەوارانەوە نەداوە.

یوێفا یاسایەکى خۆى هەڵوەشاندەوە



یەکێك لە دیارترین یاساکانى چامپیۆنزلیگ دەگۆڕێت و لە وەرزى داهاتووەوە یاسا نوێیەکە جێبەجێ دەکرێت.

فیدراسیۆنى تۆپى پێى ئەورووپا (یوێفا) ڕایگەیاندووە، لە وەرزى داهاتووەوە هەژمارکردنى گۆڵى دەرەوەى یاریگا لە قۆناغە جێبەجێ ناکرێت، کە پێشتر ئەو یانەیەى لە دەرەوەى گۆڵێکى بکردبا گۆڵەکەى بە دوو گۆڵ هەژمار دەکرا.

یاسای یەکلاکەرەوەکان یاریگاى خۆى

لە وەرزى داهاتووەوە ئەگەر دوو یانە لە قۆناغە یەکلاکەرەوەکان لە یاریى چوون و گەڕانەوە بە هەر ئەنجامێك یەکسان بن ڕەچاوى ئەوە ناکرێت کامیان لە دەرەوەى یاریگاى خۆیان گۆڵى زیاتر کردووە، بەڵکو یاریبەکە بە دوو نیوەى زیادکراو و لێدانە یەکلاکەرەوەکان یەکلا دەکرێتەوە.

هازارد و دى برۆین بەرامبەر ئیتاڵیا یارى ناکەن

هەر یەك ئیدین هازارد و دى برۆینى یاریزانى هەڵبژاردەى بەلجیکا بەهۆى پێکانەوە لە یارى بەرامبەر پرتوگال یاریگایان جێهێشت.

پێگەى (گۆڵ) بڵاوى کردەوە کە، ستافى پزیشکى تیمى بەلژیکا ڕەشبینن لەبارەى پێکانەکەى هازاردەوە و ئەگەرى زۆرە یارىى نەکات بۆ یاریەکەى ئیتاڵیا.

هازارد لە ماسولکەکانى ڕانیدا تۆشى گرژبوون هاتووە و وا پێدەچێت لەنیارى داهاتوو نەتوانێت یارى بکات.

بەهەمان شێوە یاریزانى ناوەڕاستى هەڵبژاردەکە دى برۆین توشى پێکان هاتووە و بەئەگەرێکى زۆر بەرامبەر هەڵبژاردەى ئیتاڵیا یارى ناکات.

بەلجیکا بە دووتکەوتنەوەى ئەو دوو یاریزانە گورزێکى کوشندەى بەرکەوتووە و پێدەچێت کاریگەرى زۆر بەسر ئەدای هەڵبژاردەکەوە جیبهێڵێت.

کاتژمێر 10ى ڕۆژى هەینى ٢/٧/٢٠٢١ هەڵبژاردەى بەلجیکا لە یارى قۆناغى 8 ڕوبەڕووى ئازوریەکان دەبێتەوە.

خەبات XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

Wed. 30 Jun. 2021 No.:(6160)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan – Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 پان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



سەنا بەرزنجی
گۆرانی (یەڵدا) بڵاوەکاتەوە

هەمزە سەرحان


خانمە گۆرانیبێژی لاوی کورد، سەنا بەرزنجی بەم زوانە نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی «یەڵدا» بڵاوەکاتەوە.
سەنا بەرزنجی لە پێگەی ئینستاگرامی خۆی ڕایگەیاند، «یەکەم بەرهەمی من دوای دو ساڵ بە ناوی یەڵدا، لە ئاوازی نەوید و کلیپەکەی لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای NZ و تێکستی مازیار فایەقە».وتیشی، «ڕۆژی 25ی 6 لە کەناڵی یوتیوبی نەوید زەردی بڵاوەبێتەوە، ئەمەش یەکەمین گۆرانی من دەبێت لە ئەلبومە نوێیەکەم».سەنا لە دیسەمبەری 2019 ئەلبومی رازی بڵاوکردەوە، کە 12 تراکی گۆرانی پێکهاتبو.لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا هیچ زانیارییەکی لەبارەی بەرهەمەکانی ئەم ئەلبومە نوێیەی بڵاونەکردوەتەوە، هاوکات بەشێکی زۆر لە هەواداراەکانی چاوەڕێی گۆرانی نوێی لێدەکەن.سەنا لەدایکبوی ساڵی 2001ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، سەرەتا بە وتنەوە و کەفەرکردنی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی دەستی پێکرد و توانی هەواداراێکی زۆر بۆخۆی ڕابکێشێت، یەکەمین ئەلبومی بەناوی «ڕاز» بڵاوکردەوە، لەئێستادا سەرقاڵی بەرهەمی هونەری نوێیە.

کۆکردنەوەی باشترین خوێ لە عێراقدا

باکوری گەرمیان گوندی خوێڵین سەر بەناحیەی سەنگاو

فۆتۆ : ناسیح عەلی خەیات





پۆستەری فیلمی سینەمای (ئەزموون) بڵاوکرایەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

پۆستەری فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی»، و بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەر، کە لە لایەن گرافیستی بەناوبانگ ئۆندێر سکیپ دۆنەدر» Önder Sakıp Dündar دیزاینی بۆ کراوە، بۆ بەشداریی لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلم بڵاوکرایەوە.

ڕێکار ئەحمەد
لە زمانی پەهلەوی دەدوێ



خەبات : حەمە ئەحمەد جاف

لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییە تەندروستییەکان و لەچوارچێوەی کارو چالاکییە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆیدا، لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد کاتژمێر(6) ی ئێوارەی سبەی پێنجشەممە،1/7/2021 لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو ، ئێوارە کۆڕێک بۆ بەڕێز (ڕێکار ئەحمەد) بەناونیشانی (زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوووردکاری و زمانەوانیدا) سازدەکات.

«ڕۆژانی گوڵەخەزێمی تەکیرداغ» کۆتایی هات

چالاکییەکانی «ڕۆژانی گوڵەخەزێمی تەکیرداغ» کە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار ئەنجامدرا، کۆتایی هات.
لە دوا ڕۆژی ئەم چالاکییانە، کێڵگەکانی گوڵەخەزێم (lavender) دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگیان بە ناوچەکە بەخشی.
ئارەزوومەندانی وێنەی فۆتۆگرافی هەوڵیان دا، جوانترین وێنەکانی کێڵگەی گوڵەخەزێم لە گەڕەکی کاراهیسارلی سەربە شاری تەکیرداغ بچرکێنن.
هاوڵاتییانیش بۆ وێنەگرتن لەگەڵ گوڵەخەزێمە پشکوتووەکان وەک بڵێی لەگەڵ یەکتر کەوتنە کێبڕکێ.





سبەی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/١ ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی لە زنجیرە چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆیدا دیبەتێک بۆ نۆبەرەی چاپکردنی خۆی، کە پێکهاتووە لە چاپکردنی ڕۆمانی (مۆزەخانەی کورە قژ درێژ)ی ڕۆمانووس کاروان کاکە سوور لە ناوەندی ئاشتی ساز دەکات.
لەو دیبەتە کراوەدا هەریەک لە نوسەر و توێژەران(د. حەمە مەنتک و دڵزار حەسەن) خوێندنەوە بۆ دنیای ئەدەبی (کاروان کاکە سوور) بە گشتی و ڕۆمانی (مۆزەخانەی کورە قژ درێژ) بەتایبەتی دەکەن.